# مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە
# لە ڕۆمانی کوردیدا
## (کۆچڕەو کۆچڕەو)ی عەبدوڵڵا سەڕاج بەنموونە


**نعمە قەرەنی ئیسماعیل**
بەشی کوردی / کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
neamah.ismail@su.edu.krd

**پ. د. نەوزاد وەقاس سەعید**
بەشی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
nawzad.saeed@su.edu.krd



**پوختە**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕۆمانی کوردیدا، کۆچڕەو کۆچڕەوی عەبدوڵڵا سەڕاج بەنموونە". ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕوانگەی جیاجیاوە، واتە توێژینەوەکە ئەو پۆلینانەی بۆ جۆرەکانی ئەفسانە کراوە دەخاتەڕوو . لەم توێژینەوەدا مەزراندن و تەکنیکەکانی جەختیان دەکرێتەسەر ، ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی چۆنیەتی مەزراندنی ئەفسانەکانە لە ڕۆمانەکەدا، واتە هەر ئەفسانەیەک بە چ جۆرە تەکنیکێک مەزرێندراوە دەخرێتەڕوو. واتە ئامانجی توێژینەوەکە بەرباس خستنی چۆنیەتی مەزراندنی ئەفسانەیە لە ڕۆماندا. گرنگی توێژینەوەکە خستنەڕووی ئەوەیە، کە چۆن جۆرەکانی ئەفسانە لەپێناو گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆردا لە دەقی ڕۆماندا دەمەزرێنرێ. بە واتای ئەوەی، توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی ئەفسانە و تەکنیکەکانی مەزراندن لە ڕۆماندا. توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر دوو تەوەر. تەوەری یەکەم جگە لە سەرەتایەکی کورت تەرخانە بۆ ناساندنی

چەمك و زاراوەی مەزراندن، پاشان تیشك دەخرێتە سەر تەکنیکەکانی مەزراندن, دواتریش پێناسەی ئەفسانە. تەوەری دووەم جۆرەکانی ئەفسانە و مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەوی عەبدوڵڵا سەڕاج لەخۆ دەگرێ. لە کۆتاییشدا ئەنجام، سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخرێنەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** مەزراندن، تەکنیکەکانی مەزراندن، ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە، کۆچڕەو کۆچڕەو.

## ١. سەرەتا

ئەفسانە وەک کۆنترین ژانری ئەدەبی و مەزراندنی لە ژانرێکی نوێی وەک ڕۆماندا، دەبێتە هۆی لەناو نەچوون و بە نەمری هێشتنەوەی ئەو ئەفسانانە ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریش دەبێتە هۆی بە بەرز سەیرکردنی ئەم ڕۆمانانە، جگە لەمانەش ڕۆمانی سەردەمیانە لای میللەتانی تری وەک ئەمریکای لاتین، فۆلکلۆر بەگشتی و ئەفسانە بە تایبەتی بۆتە سەرچاوەی داهێنان و ناسینەوەی ئەم میللەتە ، بەمەش بەکارهێنانی ئەفسانە و گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر وەک مۆرکێکی نوێی ڕۆمانی ئەمریکی و دواتر ئەوروپی دەرکەوتووە. نووسەری کوردیش بەمەبەستی ڕامان و خستنەڕووی تێڕوانینێکی سەردەمیانە و بۆ گەیاندنی پەیامەکەی لەبارەی ئەو کێشە و ئاریشانەی لە ئارادایە، پێویستە پشت بە ئەفسانەکان ببەستێ و بیانمەزرێنێ.

کۆچڕەو کۆچڕەو، ڕۆمانێکە پڕیەتی لە ئەفسانەی کوردی و بیانی ، ڕۆماننووس توانیویەتی سوود لە چەندین جۆری ئەفسانە وەربگرێ و لە دەقەکەیدا و بە تەکنیکی جیاواز بیانمەزرێنێ. عەبدوڵڵا سەڕاج بۆ گوزارشتکردن لەو نەهامەتیانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر گەلی کورددا هاتووە

وەک بابەتی کۆڕەوی کوردان لە ساڵی ١٩٩١ دا لە دوتوێی ڕۆمانێکدا بە ئاگاییانەوە جۆرەکانی ئەفسانەی مەزراندوە.

**١.١ ناساندنی مەزراندن (زاراوە، چەمک، پێناسە)**

زاراوەی مەزراندن بەرامبەر بە وشەی (توظیف)ی عەرەبی و (use)ی ئینگلیزی و (استخدام)ی فارسی دێت. لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا بە مانای (مەزراندنی شتێ لەسەر خۆی، بە شێوەیەک کە ناچاربووبی بیمەزرێنێ) دێت (ابن المنظور، ٤٨٦٩). واتە لە ڕووی زاراوەییەوە مەزراندن وەکو پێویستییەک بۆ گەیاندنی مەبەستێک ئەنجامدەدرێت .

مەزراندن لە ئەدەبدا، بە واتای ئەوە دێت، کە نووسەر پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ کەلتووردا بینادەکا و بەکاریدێنێ، جیا لەوەی کە تەنها گەیاندنی مەبەستێک بێ، لەم قۆناغەشدا بە زیادکردنی بەهای نەمری ئەو کەلتوورە، کاتێک کەلتوور دەبێتە هێمایەک بۆ هەموو سەردەمەکان و پەیوەست نابێ بە سەردەمێکی دیاریکراو و دەرئەنجامەکانیشی سیمای نوێ وەردەگرن، نووسەر هەڵیاندەبژێرێ و لە بەرهەمەکەیدا دەیانمەزرێنی ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەزموونەکەیدا بگونجێ و گوزارشت لە خەمەکان بکات، بەمەش ئامانجێکی دوولایەن دەستەبەر دەکات ، بە مانا گشتگیرییەکەی جۆرێک لە ڕەسەنایەتی و گشتگیری بەبەستنەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی بە ئەزموونی خۆی دەبەخشێ، لەلایەکی تریشەوە دەرەنجامەکان دەوڵەمەند دەکات بەزیادکردنی دەلالەتی نوێ بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی نوێ (زاید، ١٩٩٧، ٥٨-٥٩ ).

زۆرجار نووسەر لە کردەی مەزراندندا سوود لە حیکایەت و خەیاڵی ئەفسانەیی وەردەگرێت بەو واتایەی ((مەزراندنی فۆلکلۆر هەروا بە ئاسانی و سەرپێییەوە نییە، هەر تەنیا گواستنەوەی بیرۆکە و کەش و هەوای فۆلکلۆری بەس نییە......، بەڵکو پێویستە سوود لە هێزی ئەندێشەی هەقایەتی ئەفسانەیی و خورافی وەربگیرێ)) ( ڕەشید، ٢٠٠٧ ، ٨٨).

کەواتە مەزراندن تەکنیکێکی ئەدەبی و هونەرییە، کە دەنگی ئێستا و ڕابوردوو بەیەکدەگەیەنێ و تێکەڵی دەکات، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک لە بەرهەمی ئەدەبیدا. (علي عشري) لە بارەی مەزراندنی کلتوورەوە دەڵێ ((مەزراندن واتە بەکارهێنانی دەرەنجامەکانی کەلەپوور، بە بەکارهێنانێکی هونەری و ئاماژەیی، کە بەشێوەی ڕەمز بیمەزرێنێ بۆ لەخۆگرتنی ڕەهەندەکانی سەردەم لە دیدی شیعری شاعیرەکەوە، بەم پێیە شاعیر تایبەتمەندیی ئازارەکانی خۆی بەسەر دەرەنجامەکانی کەلەپوور دادەبەزێنێ و دەبێتە دەرەنجامێکی کەلەپووری سەردەمیانە و گوزارشت لە تاڵترین خەمەکانی شاعیری هاوچەرخ دەکات، لەو کاتەی کە شاعیر هەڵگری هەموو ڕەسەنایەتی و ئەساڵەتێکی / پاکیزەییەکی کەلەپوورە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان کەلەپووری کۆن و دیدی شیعری هاوچەرخ دروست دەبێت و نابێتە شتێکی سەپێندراو)) (رحاحلة ،٢٠٠٧، ١٥-١٦).

بەکارهێنانی ئەو دەرەنجامی کەلەپوور لە ئەنجامی ((سوود وەرگرتن لە کەرەسەی خاوی کەلەپوورە بۆ دەقی ئەدەبی و بارگاویکردنیانە بە دید و بۆچوونی نوێ کە لە دەقە رەسەنەکەدا بە شێوەیەکی ڕوون بەرچاو نەکەوتووە، کە بگونجێ لەگەڵ شێوە هونەری و ئیستاتیکیەکەیدا)) (المفرح ،١٤٢٦، ٢٠).

ئەفسانە لەخۆگری کۆمەڵێک ڕەگەز و ڕەهەند و هێمایە، دەشێ نووسەر ئەم ڕەگەز و هێمایانە جارێکی تر لە تێکستێکی ئەدەبیدا بیمەزرێنێتەوە. بەم پێیە مەزراندن ((باشترین شێوازە، کە ڕەگەزەکانی ئەفسانە تێیدا تێکچڕژاو و تێکەڵ بەیەک ناکرێن ، بەڵکو لە ڕێگای ئەو دەلالەتە نوێیانەی کە وەری دەگرن سەرلەنوێ زیندوو دەکرێنەوە )) (زاید، ١٩٩٧ ، ٦١).

مەبەست لە تەکنیکی مەزراندن چۆنییەتی ئاماژەکردن و بەکارهێنانی ئەفسانەیە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هێما و ئاماژە و دەرەنجامەکانییەوە و دواتر

نووسەر چۆن لە ڕێگەی فێڵی زمانەوانی و تەکنیکەکانی هونەری نووسینەوە، لە دەقی ڕۆمانێکدا بیانمەزرێنێ دووبارە ژیانیان پێ ببەخشێتەوە ، مەغزا و مەبەستەکەی بگەیێنێ.

## ٢.١ جۆرەکانی مەزراندن:

زاراوەی رەخنەی ئەفسانەیی لە کاری لێکۆڵەرانی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسیدا چەسپاو و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی ئەفسانەکانەوە بەکاریان هێناوە هەروەک (**بیربرونال**)ی ڕەخنەگر کاتێ میتۆدی (ڕەخنەی ئەفسانەیی) لە ساڵی ١٩٩٢ دانا، کە بە نوێترین میتۆدی ڕەخنەیی دادەنرێ و لەو دەقە ئەدەبیانە دەکۆڵێتەوە کە ئەفسانەیان تێدایە، بە وتەیەکی **گابرێل گارسیا مارکیز** دەستی پێکرد کە دەڵێ (( هەر چیرۆکێک کە دەیاننووسین دە هەزار ساڵی ئەدەبی لەدواوەیە , نەک تەنها لە پشت هەر چیرۆکێک، بەڵکو لەدوای هەر دەقێکیش، هێز و مەزنی ئەو داب و نەریتانە، تاکە پاساوێک نییە بۆ گرنگیپێدانی مێژوونووسانی ئەدەب ، بەڵکو ڕێگەش دەدات بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لە بارەی ئامادەبوونی ئەفسانەکان لە دەقی ئەدەبیدا ، لەگەڵ ئەو دەستکاریانەی (تعدیلات) کە بۆی زیاد دەکات ئەویش لە ڕوانگەی ئەو ترووسکایی و ڕووناکیەی کە لێیەوە وەریدەگرێ، بۆ ماوەیەک وا گومانم دەکرد دەتوانین چەند یاسایەک دابنێین، بەڵام ئەدەب بە جیاوازی بابەتەکە بەرگری تری دەکرد. ئەمڕۆ هەریەک لە (دەرکەوتن، گونجاندن، برووسکەیی) ی ئەفسانەکان لە دەقدا وەکو دیاردەیەکی هەمیشە نوێبوونەوە دادەنێم، ئەم پۆلێنەی کە پێشنیازم کردووە هیچ مەبەستێکی نییە، تەنیا خستنەسەری کەمێک لەو ڕۆناکییە و دانانی جۆرێک لە شیکردنەوەی ئەدەبییە ئەویش ڕەخنە ئەفسانەییە)) (brunel,1992, 72 ).

برونالٚ لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەفسانەییەوە گرنگی بە جیهانی ئەفسانە و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەدەبدا هەیەتی دەدات، بۆ ئەمەش سێ یاسای دانا[1]، ئەوانیش :

١. دەرکەوتن

٢. گونجاندن

٣. برووسکەیی .(brunel,1992, 72-81)

### ١.٢.١ دەرکەوتن (التجلي-Emergence):

بریتییە لە دەرکەوتنی ڕەگەزێکی ئەفسانەیی لە بەرهەمی ئەدەبیدا، کە لەسەر تاکە دەقێک ناوەستێ، بەڵکو لەوانەیە سەراپای کاری نووسەرێک بگرێتەوە، لەوانەشە لەسەر رەگەزێکی ئەدەبی لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر یان ئەدەبی نەتەوەیەک بوەستێ . (برونال)یش وای دەبینێ کە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، واتە ڕەخنەی ئەفسانەیی زیاتر ڕەوایەتی/ شەرعیەت وەردەگرێ ئەگەر بەڕێکەوتی ئەفسانەیی لە دەقەکە دەستی پێنەکردبێ، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە تەنها بە شیکردنەوەی ڕووکاری دەرەوەی دەق واز بهێنرێ، بەڵکو پێویستە شیکردنەوەکە لە ناوەوە قووڵ بێتەوە ، لەوانەیە بۆ ئەم شیکردنەوەیەش زیاتر شەرعیەت بەدەست بێنێ، کاتێ بە ئامادەبوونی ئەفسانە دەستی پێکردبێ، دەکرێ بە وەسفکردنێکی سەرپێیی واز لە دەقەکە بهێنرێ دەرکەوتنیش بە چەند تەکنیکێک دەردەبڕدرێ : ( brunel,1992, 72_73)

١. تەکنیکی ناونیشان: کلیلی دەقە و ئاماژەیە بۆ ناوەرۆکەکەی، بەشێوەی ئاشکرا یان نا ئاشکرا دێت کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە دەبێت.

٢. تەکنیکی دەستپێکردن: لەمیانەی دەستەواژەیەک لە دەستپێکی دەقە ئەدەبیەکەیدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە: (پەندێک یان وتەیەک یان ڕستەیەک کە

پێویستی بە تێڕامان و لێوردبوونەوە هەبێ و پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ لە پەراوێزدا.)

٣. ناچاری / پێویست (اللازمة): بریتییە لە دووبارەبوونەوە لە دەقی ئەدەبیدا، بۆ نموونە دەستەواژەیەک بە شێوەیەکی دیاریکراو دووبارە دەبێتەوە و دەچەسپێ بە شێوەیەک نەتوانرێ لێی داببڕێ.

٤. دەقئاوێزان (التناص): دەقئاوێزان بە ڕەنگ و بۆی دەق یان کۆمەڵە دەقێکی تێکچڕژاو دادەنرێ، گەلێ جار نووسەر لە ڕێگەی مەزراندنی چەند دەقێکی تردا ، دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ لەو کاتەدا زۆرجار نووسەر پەنا بۆ دەقی کەلەپووری کە هەڵگری هێما و ڕەمزی ئەفسانەیین دەبات و دەقئاوێزانەکە دەردەکەوێ.

هەرچەندە جیاوازیەک هەیە لە نێوان مەزراندن و دەقئاوێزاندا، چونکە هەندێ لێکۆڵەر و نووسەر دەقئاوێزان بە جۆرەکی مەزراندن دادەنێن، بەڵام هەندێکیان بە جیاوازی دەبینن، (سید البحراوي) ((مەزراندن بە جۆرێک لە جۆرەکانی دەقئاوێزان دادەنێ، بەڵام دەقئاوێزان تەنیا دەق دەگرێتەوە، هەرچی مەزراندنە دەق و کەسایەتی و ڕووداو و هەموو قاڵبە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە، هەروەها دەقئاوێزان تەنیا دەقی کەلتووری ناگرێتەوە بەڵکو دەقی هاوچەرخیش لەخۆ دەگرێ )) ( المفرح، ١٤٢٦، ٢٠).

٥. وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن (الاقتباس و التضمين): وەکو وەرگرتنی دێڕە شیعرێک یان ڕستەیەک یان دەقێکی ئەفسانەیی و تێهەڵکێشکردنی لە دەقێکی نوێدایە.

٦. تەکنیکی ڕەوانبێژی (شێوەی ڕەوانبێژی- الصور البلاغية): لەم تەکنیکەدا ڕەگەزی ئەفسانەیی بە ڕوونی دەردەکەوێ بەهۆی لێکچوون یا خواستن یا درکە... .

٧. پاشخانی ئەفسانەیی: نووسەر بە ئەنقەست ڕەگەزێکی ئەفسانەیی دیار بەکارناهێنێ، بەڵکو پشت بە باکگراوندێکی ئەفسانەیی دەبەستێ و لەڕێگەی لێکچوواندن و نزیککردنەوە و لە ژێر سێبەری هێما و ئاماژەکان دەیمەزرێنی، لێرەدا دەقەکەش دوو واتا دەبەخشێ: یەکەمیان هونەری ڕاستەوخۆیە و دووەمیشیان ناڕاستەوخۆ و لێکدانەوەی پێویستە، کە باکگراوندە ئەفسانەییەکە دەنوێنێ و نووسەر ناوی ئەفسانەکە بە ئاشکرا دەرنابڕێت (ئەم حاڵەتەش پێویستی بە نووسەر و خوێنەرێکی ڕۆشنبیر هەیە).

٨. بنیادی هونەری:

لە تەکنیکی پێشووتر نزیکە، نووسەر پشت بە پەیکەری گشتی ئەفسانە دەبەستێ، ئەگەر جیاوازیش لە ناوەڕۆکەکەیدا هەبێ، دنیایێکی هونەری بۆ دەقێکی داهێنەرانە سازدەکات، کە ئاماژە بۆ ئەفسانەیەک بکات.

کەواتە دەرکەوتنەکانی لە سێ حاڵەتدا بەدی دەکرێن:

أ. ڕاشکاو و تەواو (صريحاً وتماما): لە ناونیشان یان ناچاری یان دەقئاوێزان دەردەکەوێ. بۆ نموونە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ناو یان سیفەتێک ،.... بکات.

ب.پاژەیی (جزئي): لە ڕێگەی ئاماژەکردنەوە بە بەشێک یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی ڕەگەزێکی ئەفسانەیی، بۆ ئەوەی ئەو بەشە ئاماژە بۆ گشت بکات. ئەمەش لە وێنەی ڕەوانبێژیدا دەردەکەوێ.

ت.پەنهان و تەمومژاوی (مبهما و مضمراً):

بڵاوترینیانە لە داهێنانی ئەدەبیدا، چونکە پەنهانی و شاراوەیی ڕەگەزە ئەفسانەییە مەزرێنراوەکە ڕەهەندی فراوان بە داهێنەر دەبەخشێ و پانتاییەکی فراوانتری دەلالەتیش بە خوێنەر دەدات.

**٢.٢.١ گونجاندن (شیاوبوون، المطاوعة) –Flexibility:**

بریتییە لە توانای ڕەگەزی ئەفسانەیی، لە گۆڕان و پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا، کە هاوشانی بیری داهێنەر و فەلسەفەکەی بێت بە هۆی کردەی نەرمی و گونجانەوە، ڕەخنەگر دەتوانێ نەگۆڕ و گۆڕانکاریەکانی ڕەگەزی ئەفسانەیی دەستنیشان بکات ، کە لە سروشتی وشەکەوە دەردەچێت. لە ڕێگەی سڕینەوە و زیادکردن، یان تێکەڵکردن یاخود لێکچوواندندا، هەر بۆیە بیر برۆناڵ دەڵێ ((من گونجاندن بەکارناهێنم، تەنیا بۆ وشەیەکی نزیکەیی نەبێ کە زەحمەت بێ و نەتوانرێ بە ئاسانی خۆی بدات بە دەستەوە. وشەکە لە یەک کاتدا ئاماژە بە نەرمی لە چڕکردنەوە و بەرگری لە ڕەگەزی ئەفسانەیی دەکات لە دەقی ئەدەبیدا)) .(brunel,1992, 77 ).

لە گونجاندندا دەقی ئەفسانەیی تایبەتمەندیە گەوهەریەکانی لە دەست نادات، بەڵکو شێوە و ڕوخساری جیاواز وەردەگرێ، چونکە وشەی گونجاندن (لاستیکی) لە بنەڕەتدا (خاوەن هێما و ئاماژەیەکی فیزیاییە، لە دەستپێکی بەکارهێنانیدا، لە ڕەگەزی فیزیاییەوە دەستی پێکردووە، ئینجا گوازراوەتەوە بۆ زمان و دواتریش لەناو ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبیدا بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی مەزراندنی ئەفسانە و هێمای ئەفسانەیی لە لایەن نووسەرانەوە پشت بە تەکنیکی گونجاندن دەبەستێت، چونکە ئەگەر وانەکات، ئەوا کارەکەی تەنیا وەکو کۆپییەک یان ڕەخنەیەک دەبێت، کەواتە گونجاندن بۆ گوزارشتکردن لە واقیعێک کە ئەستەم بێ دەستی بەسەردا بگیرێت بەکاردێت) .(عوادی، ٢٠١١، ٣٥-٣٦ ) ، گونجاندن لە چەند دۆخێکدا دەردەکەوێ، ئەوانیش:

أ. لێکچوون و هاوشێوە بوون (التماثل والتشابە): واتە لایەنی لێکچوونی نێوان ڕەگەزی ئەفسانەیی و ڕەگەزی ئەدەبی.

ب.شێواندن و گۆڕانکارییەکان (التشويهات والتغيرات): نووسەر پشت

بەو جیاوازیانەی نێوان ڕەگەزی ئەفسانەیی مەزرێنراو و زیادکردن و کەمکردنەوەی ڕەگەزی ئەدەبی دەبەستێ. کەوا پانتاییەکی واتایی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دروست دەبێ. هەروەک چۆن یەکێکیان سەنتەری داوەکە بێت و دووەمیشیان لایەکانی بۆ خەڵقکردنی جیهانێکی تر کە لە جیهانی ئەفسانە نەچێ.

ت.لێڵی و تێڕوانینی جیاواز (جۆراو جۆر، تعدد الرؤی): نووسەر پەنا بۆ پێچان و داپۆشین و ناڕوونی دەبات، لەگەڵ لێڵی ڕەگەزە ئەفسانەییەکە بگونجێ. ئەمەش بوار بە زۆریی خوێندنەوەکان و لێکدانەوەکان دەدات.

**٣.٢.١ برووسکەیی ( تیشکدانەوە ,ڕەنگدانەوە، الاشعاع )،Irradiation**

تیشکدانەوە جیا لە ئاماژە فیزیاوییەکەی ، ئەرکی نوێ بە ئەفسانە دەبەخشێ، کە بریتیین لە سێبەر و خەرمانە و ئاماژە واتاییەکان کە ڕەگەزی ئەفسانەیی مەزرێندراو دەیبەخشێ، بە یارمەتی کردەی گونجان و نەرمی و پلە و ڕادەی گونجاندنی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانکراوی خوێنەر (جبابلیــة ، ٢٠١٧، ٢٠٨) . ئەم تایبەتمەندیانەش نووسەر بەکاریان دێنێ تاکو لە پوختەی کارە ئەدەبیەکەی تیشک بداتەوە، لە کاتی دەستپێکردنی دەق وەکو ناونیشانێک یان سەرەتایەک ، پێشکەشکردنێک بڕگەیەک لەسەر بەرگی کۆتایی کتێبێک ڕەنگ دەداتەوە. یاخود وەک پێویستیەک لەناو دەق یان ڕستەیەکی تۆکمە و چڕ یان وەکو ئاماژەیەک بۆ رەگەزی ئەفسانەیی. هەر لەبەر ئەمانەش لەوانەیە ڕەگەزی ئەفسانەیی دەرکەوتنێکی ئاشکرای نەبێ لەدەقدا. کەواتە لێرەدا دوو سەرچاوەی لاوەکی بۆ برووسکەدانەوەی ئەفسانە لە دەقدا هەیە ((یەکەمیان کۆمەڵێک بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو بەجۆرێک وێنە ئەفسانەییەکە لە دەقێکی ئەو نووسەرەدا ئامادەیی هەبێ، بەڵام لەوانەیە لە دەقێکی تردا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەبێ. دووەمیان، خودی ئەفسانەکەیە کە بە

ناچاری لە بیرەوەری و خەیاڵی نووسەر برووسکە دەداتەوە ، کە پێویستی بەوە نییە بەڕاشکاوانە گوزارشتی لێوە بکات)) (عوادی ، ٢٠١١، ٣٧) ، بۆیە ڕەگەزی ئەفسانەیی ئاماژە و هێمایەکی گرنگە لە دەقدا، ئەگەر نادیار و لێڵیش بێ، پێویستە توانای برووسکەدانی هەبێ.

**٣.١ پێناسەی ئەفسانە**

دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیری ئەفسانە کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی چەند جۆرو وەزیفەیەکی جیاوازی هەیە و زانایان و لێکۆڵەران هەریەک لە روانگەی میتۆد و ڕێبازی بوارەکەی خۆیەوە ناساندوویانە، ئەم ڕوانگە جیاجیایانە ناساندنی ئەفسانەی ئاڵۆزکردووە. هەروەک **(ئۆگەستین)** سەبارەت بە ئاڵۆزی چییەتی ئەفسانە دەڵێ ((ئەگەر کەسێک پرسیار لە من نەکات، ئەوا من دەزانم چییە، ئەگەر ئارەزووی روونکردنەوەشم کرد بۆ ئەو کەسەی لێم دەپرسێ، ئەوا من نایزانم)) ( راثفین، ١٩٨١، ٩).

لە کتێبی (Man and his symbols) دەروونشیکاری سویسری **(کارل گۆستاف یۆنگ)** لەبارەی سەختی ناساندنی ئەفسانەوە دەڵێ ((هەموو ئەو هەولانەی بۆ شرۆڤەکردنی ئەفسانە و چەمکەکەی دراوە، نەبۆتە هۆی ئەوەی لێی تێبگەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە وای کردووە زیاتر لە ناوەڕۆکەکەی دوور بکەوینەوە و زیاتر دۆشدابمێنین)) (عبدالتواب، ٢٠١٩، ٦)، بۆیە چەندین پێناسەی جیاواز لە دید و گۆشەنیگا و پسپۆڕیی جیاوازەوە بۆ ئەفسانە کراوە.

**(میرسیا ئەلیادە)** فەیلەسووفی ڕۆمانی لە کتێبی ( ملامح من الاسطورة )دا لە بارەی ئەفسانەوە دەڵێ ((مێژوویێکی پیرۆز دەگێڕێتەوە و پیشاندەری ڕووداوێکە لە زەمەنی سەرەتاییە سەر سورهێنەرەکانەوە ڕووی داوە)) (ئەلیادە، ١٩٩٥، ١١) . بە گوێرەی ئەم ناساندنە، ئەلیادە جەخت لەسەر مۆرکی پیرۆزی و حەقیقەتی ڕوودانی ئەفسانە لە زەمەنی بەراییدا دەکاتەوە.

لە روانگەی نووسەر و ئەفسانە ناسی ئەمریکی ( **جۆزێف کامبڵ**)ەوە ئەفسانە ((ئەو دەرگا نهێنییەیە وزەی جیهانی لێوە دەردەپەڕێ، ئەو وزەیەی کۆتایی نایە و دەڕژێتە نێو دەریای کولتووری مرۆییەوە. ئاینەکان، فەلسەفە، هونەر، هەرچی شێوەی کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێکان، ئاشکراکردنە سەرەتاییەکان، تەنانەت خەون کە مانایەک بۆ نوستن دروست دەکات، هەر هەموویان لە ئاوازی سیحری ئەفسانەوە هەوێن وەردەگرن و بەرز دەبنەوە)) (کامبڵ، ٢٠٢٠، ١٩-٢٠)، واتە سەرهەڵدانی هەر جۆرێکی ئەفسانە و لە هەر کات و شوێن و بارودۆخێکدابێ، کاریگەریی خۆی لەسەر مرۆڤ هەبووە.

(مەولود ئیبراهیم حەسەن) نووسەر و ئەفسانەناسی کورد بە شێوەیەکی فراوان پێناسەی ئەفسانە دەکات، پێیوایە ((ئەفسانە ئینسکلۆپیدیایەکی دەوڵەمەند و پڕ بابەت و پڕ نهێنیی مرۆڤ خۆیەتی و هەموو مرۆڤایەتی بە هەموو قۆناغەکانی ژیانیەوە، هەموو نەتەوەیەک بە هەموو ئاستەکانی ژیان و رۆشنبیریەوە، هەموو جوگرافیایەکی ژیان بە هەموو جیاوازییەکانیەوە هاوبەشن، لە پێکهێنان و دەوڵەمەندکردنی ئەم سەرمایە مرۆڤایەتییە)) (حسن ا، ٢٠٢٠، ٢٥)، هەروەها پێناسەی ئەفسانەی کوردی دەکات و دەڵێ ((ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسیەتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەسەی ئەفسانەیی لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی تێدا دەکەن)) (حسن ب، ٢٠٢٠، ٢٥).

لەو پێناسانەی کە بۆ ئەفسانە خرانەڕوو، هەوڵدراوە کە زۆربەی بیروڕاکان وەربگیرێن و پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئەمەش کارێکە ئاستەنگی زۆری دێتە پێش هەروەک ئەلیادە ئاماژەی بۆ کردووە کە (( زۆر ئەستەمە پێناسەیەک بۆ ئەفسانە بدۆزرێتەوە، هەموو زاناو لێکۆڵەرەکان قبوڵی بکەن و لە هەمان کاتیشدا لە ژێر دەستی پسپۆرەکاندا بێت. ئەفسانە رووداو و

بەسەرهاتێکی کلتووریی زۆر ئاڵۆزە، دەکرێ لە روانگەی جۆراوجۆرەوە شرۆڤە بکرێ)) (عبدالتواب، ٢٠١٩، ١٣).

**١.٢ جۆرەکانی ئەفسانە**

جۆراوجۆری لە پۆلینکردنی جۆرەکانی ئەفسانەدا بۆتە یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی هەر توێژەرێکی بواری ئەفسانە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەفسانە بابەتێکی کۆن و ئاڵۆزە و پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە هەیە، هەر بۆیە هەر لێکۆڵەرێک بەپێی تێڕوانین و پسپۆڕیی خۆی ئەفسانەی پۆلینکردووە. هەرچەندە پۆلینی جیاجیای بۆ کراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە جۆرو پۆلینەکان لێکنزیک نەبن یاخود دووبارە نەبنەوە.

(نەبیلە ئیبراهیم) جۆرەکانی ئەفسانەی پۆلین کردۆتە سەر پێنج جۆر، ئەوانیش ((ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان، ئەفسانەی ئەفراندن، ئەفسانەی شیکاری، ئەفسانەی هێماکاری (هێمایی)، ئەفسانەی قارەمانی خواوەند)) (نبیلە ابراهیم،١٩٧٤، ١٦-٢١) ن.

(ئەحمەد کەمال زەکی)یش بە شێوەیەکی تاڕادەیەکی زۆر نزیک لەو دابەشکردنەی سەرەوە، چوار جۆر ئەفسانەی دەستنیشان کردووە، ئەوانیش ((ئەفسانەی ئاینی، ئەفسانەی شیکاری، ئەفسانەی هێماکاری، مێژووی ئەفسانە)) ( زکی، ١٩٧٩، ٤٦-٥١) ن.

(موحەمەد عەجینە) بەشێوەیەکی وردتر و ڕوونتر جۆرەکانی ئەفسانەی پۆلین کردووە بۆ ((ئەفسانەکانی دروست بوونی گەردوون، ئەفسانەی هەسارەیی، ئەفسانەی دیاردە سروشتییەکان، ئەفسانەی گیانەوەر)) (عجینە، ١٩٩٤، ١٢٢-٢٨١).

(فەرهاد عەزیز خۆشناو) بەشێوەیەکی گشتگیرو بە لەخۆگرتنی زۆربەی هەرەزۆری جۆرەکانی ئەفسانە، پێشنیازی سێ جۆری سەرەکی کردووە، ئەوانیش:

((١- ئەفسانەی ئاسمانی واتا جیهانی پێش بوونی مرۆڤ
٢- ئەفسانەی زەمینی واتا جیهانی لە کاتی بوونی مرۆڤ
٣- ئەفسانەی بن دنیا واتا جیهانی دوای بوونی مرۆڤ)) ( خۆشناو،2013، ٢٠).

(د. مەولود ئیبراهیم) لە کتێبی (گەڕان بەدوای نەمریدا) جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

((١- ئەفسانەی خواوەندەکان (اسطورة)
٢- ئەفسانەی پاڵەوانییەتی
٣- ئەفسانەی دڵداری
٤- ئەفسانەی ژنخواستن
٥- ئەفسانەی گەڕان بە دوای نەمرییدا
٦- ئەفسانەی گەڕان بە دوای بەخت
٧- ئەفسانەی سڕدۆزی
٨- ئەفسانەی ئەفراندن
٩- ئەفسانەی گیانلەبەران
١٠- ئەفسانەی لافاو )) ( حەسەن پ ،٢٠٢١، ٤٩-٥٢).

بە پشتبەستن بەو سەرچاوانەی سەرەوە و بە لەبەرچاوکردنی لایەنی پڕاکتیکی توێژینەوەکە، لە پۆلینکردنی جۆرەکانی ئەفسانەدا، دەکرێ ئەم جۆرانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

١- ئەفسانەی ئەفراندن
٢- ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان (الطقوسية)
٣- ئەفسانەی هێماکاری (هێمایی- ڕەمزی)
٤- ئەفسانەی گیانلەبەران
٥- ئەفسانەی مێژوویی

٦- ئەفسانەی چاکە و خراپە

**٢.٢ مەزراندنی ئەفسانە لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەوی عەبدوڵڵا سەڕاج دا**

ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو) لەلایەن (عەبدوڵڵا سەڕاج) ەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا نووسراوە. ناوەڕۆک و بابەتی ئەم ڕۆمانە سیاسی و نەتەوەییە و کۆڕەوی کوردانی ساڵی (١٩٩١) ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باس لە ئێش و ئازارو بێ ئومێدی تاکی کورد دەکات کە بە درێژایی مێژوو تووشی چەندین ئازار و کێشە بووە و برسیەتی و نەهامەتی و دەربەدەریی زۆری چەشتووە. سەڕاج وەکو نووسەرێکی بە ئەزموون بە تێکەڵکردن و سوود وەرگرتن لە چەندین جۆری ئەفسانەی بیانی و کوردی ئەم ڕۆمانەی نووسیوە و تێیدا لە ڕێگەی تەکنیکەکانی (دەرکەوتن و گونجاندن و برووسکەیی)یەوە ئەفسانەکانی مەزراندن .

لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە بەپێی شیکردنەوەی ئەو ڕۆمانەی کە وەک نموونە وەرگیراوە، جۆرەکانی ئەفسانە دەستنیشان بکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەش بگوترێ کە هەندێ نموونەی ئەفسانەکان دوو دەلالەت لە خۆ دەگرن واتە دەشێ نموونەیەک بکەوێتە ژێر چەتری زیاتر لە جۆرێکی ئەفسانەدا بەڵام لێرەدا توێژەر لە خستنەڕووی جۆری ئەفسانەکەدا ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە نووسەر بە چ مەبەستێک ئەفسانەکەی مەزراندووە، لەسەر ئەم بنەمایە جۆرەکەی دەستنیشان کردووە.

**یەکەم: ئەفسانەی ئەفراندن:**

مەبەست لە ئەفسانەی ئەفراندن گێڕانەوەی سەرەتای دروستبوونی جیهانە و ئەم گێڕانەوەیەش بەپێی چۆنیەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی هەر میللەتێک دەگۆڕێ. لەبەرئەوەی ئەم جۆرەی ئەفسانە (پانتاییەکی فراوان لە هزر و بیروباوەڕ و فەلسەفە و کلتوورو مێژووی میللەتان گرتۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەویش

هەڵقوڵاوی جۆری بیرکردنەوە، ژینگە و کلتووری ئەم میللەتانەیە و هەر میللەتێکیش بە جۆرێک باس لە ئەفسانەی دروستبوونی گەردوون دەکات) ( خۆشناو، ۱۲۷،۲۰۱۳).

بێگومان پاڵنەری یەکەم لە پشت دروستبوونی ئەفسانەکان، تێڕامان بووە لە سیستەمی گەردوون و هەوڵدان بووە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم سیستەمە، بۆیە مرۆڤیش لە بابەتە نادیار و ناڕوونەکانی کۆڵیوەتەوە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆکردووە. سروشتی زۆرێک لە مرۆڤەکانیش وایە حەز بە زانینی وردەکاریی شتە ناڕوون و نەزانراوەکان دەکەن، هەروەک ڕامان لە گەردوون و پرسیارکردن لەوەی کە چۆن دروست بووە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە چۆن ڕووەک و مرۆڤ و گیانەوەران دروست بوونە، هەر بۆیە بەکۆنترین جۆری ئەفسانە دادەنرێت. میرسیا ئەلیادە پێی وایە (( ئەفسانەی بنەچە، بە گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوون دەست پێدەکات)) ( خۆشناو،۲۰۱۳، ۱۲۷).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێش هەموو شتێک گەردوون بەهەموو پێکهاتەکانیەوە (ئاسمان و زەوی و ئەستێرە و....هتد) دروست بووە، بۆیە مرۆڤی بەرایی ئەم جۆرە ئەفسانەیان وەکو ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئەفراندنی ئەم گەردوونە. کەواتە ئەفسانەی ئەفراندن ((پرۆسەی دروستبوونی گەردوون و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە وێنا دەکات)) (علي، ۱۹۷۸، ۱٦).

لەو کاتەی کە مرۆڤەکان چیرۆکی دروستبوونی گەردوون دەگێڕنەوە هەر میللەتێک بە جۆرێکی جیاواز لێکدراوەتەوە و گێڕاویتیەوە. بۆ نموونە لە ئەفسانەی بابلی دا: (پێش دروستبوونی ئاسمان و زەوی توخمی ژیان هەبووە کە ئەو توخمە ئاوێتەیەک بووە لە نێرینە و مێینە، نێرینەکە لە ئاوی شیریندا بووە کە ناوی (دابشۆ)یە، مێینەش لە ئاوی سوێردا کە پێی دەوترێت (تیامە) هەردوو

توخم تێکەڵ بوون (مومو) لە دایک بوو. کە بریتییە لە (وشە) لەو سێیانە نێرینەیەک پەیدابوو کە (لکسمبۆ)یە و مێینەیەکیش کە ناوی (لکسامۆ)یە پەیدابووە. لەو دووانەش (ئەنشار) دروست بوو بەواتای جیهانی سەروو، (کیشار) بەواتای جیهانی خواروو دروست بوو، ئەوجارە سیيانەیەکی تر دروست بوو ئەوانیش (ئەنو) خواوەندی ئاسمان و (لەیل) خواوەندی زەوی و (ئەیا) خواوەندی ئاو بوون. دواتر ناکۆکی کەوتە نێوان (ئەبسۆ) کە یەکێک بوو لە خواوەندە گەورەکان لەگەڵ خواوەندی بچووک، لە ئەنجامدا شەڕ هەڵگیرسا، لەم شەڕەدا (مەردۆک) بەسەر (تیامە)دا سەرکەوت. ئینجا مەردۆک ویستی کارێکی گەورە بکات. ئەویش هات لاشەی (تیامە)ی کردە دوو لەتەوە، لە لەتێکیان ئاسمان و لە لەتەکەی تر زەوی دروست کرد، ئینجا دوای ئەوەی ئەم کارەی تەواو کرد، ساڵی کرد بە(١٢) مانگ و کەوتە دروستکردنی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و ڕووەک و گیانلەبەران پاشی ئەوانە مرۆڤی دروست کرد لە قوڕ و خوێن) ( ابراهیم، ١٩٧٤، ١٧).

لە هەندێ ئەفسانەی تردا باس لە هاوسەرگیریی نێوان زەوی و ئاسمان کراوە، کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەیان لێوە بووە. (لە سەرەتادا ئاسمان و زەوی هاوسەرگیری دەکەن و بەیەکەوە نووسان، بۆیە گەردوون تاریک بووە، دواتر زەوی منداڵەکانی لە دایک دەبێ کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانن، بەڵام لەو شوێنە تەنگ و تاریکە خەریک بوون دەمردن (دەخنکان)، بۆیە بیریان کردەوە کە ئاسمان و زەوی لێک جیابکەنەوە تا بواری هەناسەدانیان هەبێ، هەندێ تیریان هاوێشت ئاسمان لە زەوی جیابۆوە و منداڵەکانیش بڕیاریان دا لە ئاسمان بژین، بۆئەوەی بەرامبەر دایکە زەوی بن و دایکەکە بتوانێ هەردەم سەیریان بکات) (بن منصور، ٢٠١٥، ٤٠) . هەربۆیە زەوی بەیەکەم دایک و یەکەم سەرچاوەی بە پیت و فەڕی دادەنرێت.

لەناو میللەتی کوردیشدا باسی چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون کراوە، ئەفسانەی ئەفراندن بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەویەکان باس کراوە. هەروەها لە ئەفسانەیەکی ئێزیدیشدا بەم شێوەیە دروستبوونی دونیا و مرۆڤەکان لێکدراوەتەوە کەوا ((لبەراهیێ خودێ هەبوە، چ دی نە، خودێ بۆ خۆ گشیەک چێکر و ل سەر دەریایان دگەریا و پاشی (درە) یەک بخۆ چێکر و بۆ ماوێ چل سالان دگەل دابوو. پاشی پێنەک لێداو (درە) پەقی، ژکاردیا وێ ئاسمان پەیدابوو و ژ پرتێن وێ ستێرو چیا و ئەرد پەیدابون و پاشی ژ روناهیا خۆ شەش خدای یێن (مەلیاکەت)یێن وەکی خۆ پەیداکرن)) (حیتۆ،١٩٩٧، ٢٠).

بەکۆنترین جۆری ئەفسانە دادەنرێت و تێیدا بە چەندین شێوە باس لە دروستبوونی گەردوون و زەوی و ئاسمان و مرۆڤ و ڕووەک و گیانەوەران دەکرێت. ڕۆماننووسان ئەم جۆرەی ئەفسانەیان بە شێوازی جیاواز لە ڕۆمانەکانیاندا مەزراندوە.

عەبدوڵڵا سەڕاج هەر لە سەرەتای ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)دا شیکردنەوەیەکی ئەفسانەیی جیاواز لە ئەفسانەکانی تری بۆ دروستبوونی گەردوون و هەسارەکانی ئاسمانەوە دەکات کە دەڵێ: ((بیر لە بازنە و گەردوون (یۆنیڤێرس Universe) دەکەمەوە، ئەم گشت کۆستارانە، مەجەڕڕانە لە تەوەری خۆیاندا دەسووڕێنەوە. وەرزەکان، شەو و ڕۆژ دەهێنن، ڕادەکشێن، دەگەوزێنەوە، دەخولێنەوە و بگرە، دەزێن ...دەپرسم: ئایا وەک ملوانکە بەداوێکەوە هەڵکێشراون، یان وەک دژە ناتەباکان، وەکو چەند بەندکراوێک لە ژوورێکی تەنگدا دەبێ پێکەوە بن هەر چەند حەز بە بوونی یەکتر ناکەن... هێشتا وەڵامی دروستم چنگ نەکەوتووە...)) ل ١٠-١١، ڕۆماننووس باسی کەون و چۆنیەتی ڕیزبوونی هەسارە و مەجەڕڕەکان دەکات و شیکردنەوە بۆ چۆنیەتی ڕیزبوونیان دەکات کە لە شێوەی ملوانکەیەکە و بە دوای یەکدا هاتوون یاخود

ریزبوونەکەیان بە شێوەیەکی ناچارییە و حەز بە بوونی یەکتر ناکەن. ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوون و زەوی و ئاسمان ، کەوا بە تەکنیکی دەرکەوتن وەکو پاشخانێکی ئەفسانەیی مەزراندوویەتی و شیکردنەوەی بۆ کردووە.. (دەکرێ بگوترێ ڕۆماننووس لێکدانەوەیەکی ئەفسانەیی نوێی بۆ ئەفراندنی گەردوون داهێناوە).

لە شوێنێکی تردا نووسەر زەوی بە دایک دەچوێنێ و دەڵێ پێویستە مرۆڤەکان پاداشتی شیری ئەو دایکە بدەنەوە، لە ڕۆمانەکەدا بەم جۆرە هاتووە: (( دەیانویست لە چەقی خۆما، بێ هوودە بسووڕێمەوە! گوتم : ئێمە قەرداری ئەم خاکەین. منداڵ چۆن دەتوانێ پاداشت و قەرەبووی گۆی مەمکی دایکی بداتەوە!! چۆن؟)) ل١٢.

هەروەها باسی لە باوەشگرتنی خاک دەکات بۆ مرۆڤەکان وەکو دایک سەیری زەوی دەکات و دەڵێ : (( زەوی ژیانە. مرۆڤایەتیمان بە خاکەوەیە. ئەوەتانێ لە تەنیایی ئەم مەڵبەندەدا، خۆت بە تەنیا نازانی و (جێگات) باوەشی بۆت کراوەیە)). ل١٢

نووسەر لێکچوواندنێکی لە نێوان زەوی و دایکدا دروست کردووە و تەکنیکی دەرکەوتنی بەکارهێناوە.

کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە بەدەم ڕێگاوە بیر لە دروستبوونی بچووکترین تا گەورەترین گیانەوەرانی سەر زەوی دەکاتەوە و دەڵێ ((بیر لە بچووکترین ئەمیبا و یۆگلینا و پارامسیۆمی ژێر میکرۆسکۆب دەکەیتەوە، هەتا دەگاتە گەورەترین نەهەنگی شین و دایناسۆڕ و فیل. دەپرسی درەخت و کەڕوو و قەوزە چۆن هەڵدەسووڕێن؟)) ل٥٦ هەروەها باسی ئەفراندنی زەویش دەکات کە بە شێوەیەکی جیاواز لە شیکردنەوەی پێشووتر هاتووە ((زەوی لە نێوان شاخی گایە و... گا لەسەر پشتی حووت و...حووتیش لە دەریایە. هەرگیز... نا))

ل٥٦. کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە ئەو پرسیارە ئاراستەی مامۆستایەکی ئاینی دەکات و دەیەوێت تێبگات، بەڵام وەڵامی دەست ناکەوێت و سەرباری ئەمەش سەرزەنشت دەکرێ. لێرەدا ڕۆماننووس سوودی لە تەکنیکی دەرکەوتن بینیوە و تێیدا وەرگرتن و تێهەڵکێشکردنی بەکارهێناوە، واتە ئەو شیکردنەوە ئەفسانەییەی بۆ ئەفراندنی زەوی کراوە وەکو خۆی مەزراندوویەتی.

هەروەها لە شوێنێکی تریشدا نووسەر ئاماژە بە ئەفراندنی مرۆڤ و زەوی دەکات و زەوی بە دایک و ناخی زەویش بە منداڵدان دەچوێنێ مرۆڤی بەو ڕووەکە چواندووە کە بۆ مانەوەی لە ژیان و نەفەوتانی لە ناخی زەوییەوە بەرز دەبێتەوە و بەرەو ڕووناکی و ژیان هەنگاو دەنێ، ئێمەی مرۆڤیش هەموو کات چاوەڕێی هەڵهاتنی ئەو ڕۆژەین لە پێناو سەربەستی و یەکسانی و ئاسوودەیی. کارەکتەری سەرەکیش ڕووەکە پیرۆزەکەی دەستکەوتووە و دەڵێ: ((گەر بشمرم، ڕوو لە ڕنوو دەمرم. خۆ من لە تۆوێک کەمتر و بێ فەڕتر نیم! کە هەمیشە لە ڕەحمی زەوییەوە بۆ ژووانی ڕووناکی بەرز بەرز دەبێتەوە)) ل٩٤. هەروەها سیفەتی زیندەوەرانی پێی بەخشیوە کاتێ دەڵێ (( هەناسەی زەویت بیست)) ل٩٣ ، ئەمانە ئاماژەن بە ئەفسانەی ئەفراندنی دایکە زەوی کە بەشێوەیەکی پاژیی لە جۆری تەکنیکی دەرکەوتندا مەزرێنراوە.

**دووەم: ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان:**

نەریت بریتییە لە داب و نەریتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، هەروەها هەموو ئەو بۆنانە دەگرێتەوە، کە بە بیروباوەڕی ئەزموونەکراوەوە پەیوەستن... نەریت لە بنەڕەتدا و لەڕێگەی دووبارەکردنەوە و بەردەوامیی یاسا بونیاتنەرەکانییەوە، بەرەو تەرخانکردنی بەردەوامی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یان ئەفسانەیی دەڕوا، کە لە پێشدا ئەو نەریتەی بونیاتناوە. بەم پێیە، زۆربەی کات نەریت بریتی دەبێ لە خولقاندن و بەئێستاکردنی ڕابوردووێکی لێڵ، بەڵام لەلای بەکارهێنەرانییەوە وەکو کردەیەکی ئایینی ناسراوە (بوخنوف،٢٠١٢ ، ٥٩). واتە نەریت و بۆنە ئاینییەکان پەیوەندییان بە ئەفسانەکانەوە هەیە و لە ڕێگەی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یا ئەفسانەییەوە کە لە سەرەتادا ڕوویداوە، ئەم پەیوەندییە دەخاتەڕوو، بەو مانایەی ئەو نەریت و بۆنانە لە ئەفسانەکانەوە دەردەکەون . هەروەک (جیمس فریزەر) پێی وایە کە (( ئەفسانە لە نەریتەکانەوە هەڵێنجراوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر لە بەجێگەیاندنی نەریتێکی تایبەت و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بونیاتنەرانی ئەم نەریتە، نەریتەکە لە واتا و هۆکار و ئامانجەکانی دادەماڵرێ و ڕوونکردنەوە و بیانووی نەریتەکە وەک پێویستییەک بەرهەم دێ. لێرەدا ئەفسانە بۆ هێنانەوەی بیانوو بۆ نەریتێکی پیرۆزی کۆن سەرهەڵدەدا)) (السواح، ، ١٩٨٨، ١٥).

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێک نەبووە، بەڵکو ئەو نەریتانەی لەخۆ گرتووە کە ڕەنگدانەوە و شێوازی ژیانی مرۆڤ و بارە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو سەردەمی نواندووە . بەواتایەکی تر ئەفسانە ((نە بۆ کات بەسەربردن پەیدابووە، نە بۆ تام لێ چەشتن، بەڵکو پێویستییەک بووە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەرەتایی و ئەم چەشنە ئەفسانەیە بریتییە لەلایەنی قسەیی، یان دەربڕینی زاری بۆ ئەم بۆنە

و نەریتە ئاینییانە و بایەخێکی گەورەی بووە لەوەدا کە نەریت و بۆنەکانی بەسۆز و کاریگەرانە خستۆتە کایەوە و بەسەری بردووە و سازاندوویەتی و هۆیەک بووە بۆ چەسپاندنی باوەڕ سەبارەت بە دیاردەکانی بوونەوەری)) (موکری ،١٩٨٤ ، ٤١)، بەم پێیە ئەفسانە دەرخەری لایەنی زارەکی بۆنە و نەریتی ئەو کردەوانەیە کە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا دەپارێزێ، کەواتە دەکرێ بگوترێ نەریت و بۆنە ئاینییەکان لایەنی کردارەکین و ئەفسانەکانیش لایەنی زارەکی ئەم نەریتانەن، چونکە ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان بەدیاردەکانی پەرستنەوە بەستراونەتەوە، جا بەهەر شێوازو ڕێگەیەک بێ. ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ئەم جۆرەی ئەفسانە زیاتر ڕووندەکاتەوە:




هێڵکاریی (١) پەیوەندیی نێوان ئەفسانەکان و نەریتەکان لە نێوان دەرکەوتنی گێڕانەوەیی و دەرکەوتنی نواندندا (لە بوخنوف، ٢٠١٢، ٦١ وەرگیراوە).

نموونەی ئەم جۆرەی ئەفسانەیە وەکو ئەفسانەی بابلی (ئینوما ئیلیش) لای عێراقییەکان و ئەفسانەی (دیونیسیس)ی یۆنانی و (ئۆزیریس) لای میسرییەکانە (الجوراني، ١٩٩٨، ٢٣).

ئەفسانەی ئۆزیریس یەکێکە لە ئەفسانە بەناوبانگەکانی میسر، هەرچەندە ئێستا وەکو چیرۆکێک دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەکاتی خۆیدا وەکو نەریتێکی چەسپاو بووەو ڕێوڕەسم و نەریتی تایبەت بە ژیان و مردن و دوای مردنی هەبووە کە پەیوەندی بە چاندن و دروێنەکردنەوە هەبووە کە چەندین دیاردەی گەردوونی و سروشتی و مرۆیی ڕووندەکاتەوە، ئەم ئەفسانەیەش بەم شێوەیە هاتووە: ئۆزیریس کە خواوەندی پیت و بەرەکەتە لە کۆتایی پیت و بەرەکەتی زەویدا ئەمرێ ئەمجا لەگەڵ گەڕانەوەی پیت و بەرەکەتیدا زیندوو ئەبێتەوە، لەسەر تەخت دائەنیشێ و بڕیار ئەدات لەسەر چارەنووسی ئەو گیانانەی کە ژیانیان بەجێ هێشتووە. بۆیە ئەم ئەفسانەیە پەیوەندی  بە نەریتی مردوو مۆمیاکردنەوەی هەیە. ئەفسانەکە دەڵێ: ئۆزیریس کوڕی زەمین بوو، (ئیزیس)یش کە هاوبەشی ئەکرد لە کردەوەی چاکەدا و ژنیشی بوو (سیث) پیلانێکی لە ئۆزیریسی برای کرد و توانی بیگرێ و بیخاتە سندووقێکەوە و فڕێی بداتە ناو ڕووباری نیلەوە. بەڵام (ئیزیس) لاشەکەی دۆزییەوە و دیسان (سیث) لاشەکەی فڕاندەوە و پارچە پارچەی کردو هەر پارچەیەی تووڕدایە شوێنێ، بەڵام ئیزیس پارچەکانی دۆزییەوە و تێکی خستەوە و گیانی بەبەردا کردەوە، بەڵام ئۆزیریس زەمینی بەجێ هێشت و بوو بە پاشای ئەو شوێنەی کە گیانی زەمینی تیا بەجێ دێڵێ (دەردەچێ) (موکری، ١٩٨٤، ٤١-٤٢).

هەموو ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن لەبەردەم نووسەران، بۆ ئەوەی سوود لە داب و نەریتی ئاینی و چیرۆکی پێغەمبەران (س. خ) و خواوەندەکانی ئاینە بەراییەکان وەربگرن، بە مەبەستی پیشاندان و

دەربڕینی مەغزا و مەبەستەکانی نووسەر ئەمەش بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ کێشەی سەردەم دەبێت، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامەکانیان. مرۆڤی بەرایی بۆ هەر دیاردەیەک خواوەندێکی دانابوو دەیانپەرست، جیاواز لە ئاینی ئاسمانی کە خاوەنی تەنیا خوای تاک و تەنیان.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا چەندین ئەفسانەی ئاینی وەکو بەسەرهات و ناوی پێغەمبەران و ناوی خواوەندەکانی شارستانیەتە کۆنەکان و ئاینی زەردەشتی بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە ئاینی زەردەشتیدا باس لە (زەردەشت و ئاهورامەزدا و ئەهریمەن و بازەکەی زەردەشت) کردووە لەو کاتەی کە کارەکتەری سەرەکی لە کۆڕەوەکەدا ڕێدەکات و سەر هەڵدەبڕێ و بازێک دەبینێ، نووسەر ئەم بازە بە بازەکەی زەردەشت دەچوێنێ کە دەڵێ ((بازێکی چیایی نزم، هەرە نزم دەفڕێ و سێبەرەکەی سەرت پێ هەڵدەبڕێ. لاپەڕەی ئاسمانی خۆی لە ڕەنگاوی خۆڵەمێشی هەڵکێشاوە. بازەکەش، وەکو بازەکەی زەردەشت، پەڕ قاوەیی و دەنووک زەرد. دەشێ هەر ئەوبێ. زەردەشت.. زەڕ...دەشت. دەشتایی و تۆ. زێڕی تێزاب. خۆت بەزارا[٢] دەزانی...)) ل٥ .

لە شوێنێکی تردا دەڵێ ((ئەوەتانێ بازێکی چیایی لەڕەنگی بازەکەی زەردەشت نەوی نەوی بە بان سەرمەوە دەفڕێ...)) (ل٨٧-٨٨) کەوا ڕاستەوخۆ ناوی زەردەشت دێنێ و ئاماژە بۆ ناونانەکەی دەکات، بەشێوەی لێکچوون و هاوشێوەبوون لەنێوان هەردوو بازەکە بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی .

کارەکتەری سەرەکی خۆی بە زەردەشت دەچوێنێ و جوانی سروشتی کوردستان و بۆن و دەنگی ئەم سروشتە هەستەکانی تژی دەکەن و لە دڵخۆشییان وەختە باڵ بگرن و بفڕن کە دەڵێ، ((... دەبمە زەردەشتێکی ڕاماو... کێشم نامێنێ و... باڵ دەگرم... دەخوازم بفڕم...)) ل٩. هەروەها لە شوێنێکی تردا هەستەکەی پێچەوانە بۆتەوە کاتێ سەیری کۆڕەوان دەکات و ترس و

برسیەتی شالاَوی بۆ هێناون کە دەڵێ ((...چوار مەشقییەکی زەردەشتیانە دادەنیشی و بیر لە سەدان مەرگی کۆچڕەوەکە دەکەیتەوە.)) ل١١، ڕۆماننووس بە تەکنیکی دەرکەوتن و بە شێوەی لێکچوواندن ئەم ئەفسانەیەی مەزراندووە.

لە شوێنێکی تردا (ئاهورامەزدا)ی خواوەندی خێرو چاکەی ئایینی زەردەشتی وەکو ڕەمزێکی بالاَ هێناوەتەوە. نووسەر دوو جار دووبارەی کردۆتەوە کە لەوەتەی ئادەم پێغەمبەر (س. خ.) لە بەهەشت دەرکراوە هەموو مرۆڤایەتی وێڵ و سەرگەردانی (یەکسانی و کامەرانی و ئاسوودەیی) بالاَن و بەدەستیان ناکەوێت. کە دەڵێ ((بڕوات بە یەکسانیی بالاَ، کامەرانیی بالاَ و ئاسوودەیی بالاَ نەمابوو، ئەو سێیەت بە تەیری عەنقا، قەقنەس و سەمەندەر دەزانی، کە لە بارەگای زیۆس و ئاهورامازدا و یەهوەشدا نین)) ل٩٤ ، لێرەدا نووسەر سوودی لە تەکنیکی گونجاندن بینیوە تێیدا بە لێکچوون و هاوشێوە بوونی مەزراندووە .

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی بە ناوی چەندین پێغەمبەران یان کردەوەکانیان کردووە وەک (ئادەم، ئەیوب، نوح، موسا، مەسیح، دانیال، یونس)، بۆ نموونە نووسەر لە چەندین شوێن باسی تۆفان و کەشتیەکەی نوح پێغەمبەر دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک کارەکتەری سەرەکی بەناو دۆڵ و چیا و سروشتی کوردستاندا گوزەر دەکات، چیا وەک کەشتی نوح دەبینێ دەڵێ ((چیات بە کەشتی نوح زانی.)) ل١٢، کەوابێ چیاش وەکو کەشتی نوح ڕزگارکەری ئەو کەسانەیە کە بەسەرییەوەن، لێرەدا نووسەر لە تەکنیکی دەرکەوتندا سوودی لە لێکچوواندن بینیوە و ئەفسانەکەی مەزراندووە.

نووسەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەگۆچانی موسا پێغەمبەر کردووە، ئەو گۆچانەی وەکو کەرەستەیەکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لەبەر ئەوەی لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە هەروەک لە سورەتی ئەلشوعەرادا:

((فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ ۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ)) (سورة الشعراء، آية: ٦٣) ، واتە ((ئەوسا ئێمە وەحیمان نارد بۆ موسا کە: بە عەساکەت بماڵە بە دەریاکەدا، (هەر کە ئەو کارەی کرد) دەریا شەق بوو و هەر ڕێگە و شەقامێکی دەورە درا بە شەپۆلی گەورەی ئاو، کە وەک کێوی گەورە و مەزن وا بوو (ئاوەکە هەڵدرایەوە دوانزە کۆڵانی بۆ دوانزە تایەفەکەی نەوەی ئیسرائیل دروست کرد و بە نێوانیاندا پەڕینەوە))[٣] ئەو گۆچانە خاوەن هێزێکی لە رادەبەدەر بووەو بە فەرمانی خوای گەورە بۆ کاری چاکە بەکارهاتووە، موسا پێغەمبەر (س. خ.) بە فەرمانی خودا و بەهێزی ئەو گۆچانە گەلی بەنی ئیسرائیلی لە ژێر زوڵم و زۆرداری فیرعەن ڕزگار کرد. لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە وەسفی کارەکتەری سەرەکی دەکات و باس لەو گومانانەی دەکات و دەڵێ ((...گومانت لەو گۆپاڵە کرد کە دەبووە مار یان ڕووباری نیلی شەق کرد)) ل٥٤، لەو کۆڕەوەدا گەلی کورد بەگشتی و پێشمەرگە بە تایبەتی پێویستی بە هێزێکی زۆر (پەرچوو ئاسا) بوو کە لەو حاڵەتە ناخۆش و بەئازارە ڕزگاریان بکات. نووسەر بە تەکنیکی برووسکەیی مەزراندوویەتی، کەوا پێویستە خوێنەر لێکدانەوەی بۆ بکات و باگراوەندێکی ئاینی و ئەفسانەی باشی هەبێ بۆ ئەوەی بزانێ کە گۆچانەکەی موسا پێغەمبەر (س. خ) بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە.

لە شوێنێکی تردا ڕۆماننووس ئاماژە بە(زیوس) خوای خواوەندەکانی یۆنانی کردووە. (زیوس یان جوبیتر)، سەرەتا خوای ڕووناکی و ئاسمانی بوو، بەڵام وردە وردە بوو بە خوای خواکان و خاوەنی بڕیاری ڕەها بوو دەتوانێ هەموو شتێک ببینێ و بزانێ،... ئەگەر هەر شتێک بە پێچەوانەی خواستی ئەو با، تووڕە دەبوو زەوی و ئاسمانی دەلەرزاند، لە هەمان کاتدا زیوس خوایەکی ژیر و میهرەبان بوو، بۆ هەر شتێ لە پێشدا تاوتوێ دەکرا و بە قانوونی بنەڕەتی و

چارەنووسەوە بەراوردی دەکات، تا سیستەمی دنیا تێکنەچێت) (شفا، ٢٠٠٥، ٥-٦)، زیوس لەم ڕۆمانەدا بەم جۆرە هاتووە: ((پێم نالێن : لە کام سەردەم و شوێنێکدا، ئەو قەقنەس و سەمەندەر و تەیری عەنقایە نیشتوونەتەوە؟ دڵنیام... تەنانەت لە بارەگای زیۆس و ئاهورامازداش نین، نەبوونە و نابن...)) ل١٥، نووسەر ئەم ئەفسانەیەی  بە تەکنیکی گونجاندن لە شێوەی لێکچوون و هاوشێوە بوون مەزراندووە.

هەندێ لە ژمارەکانیش ڕەهەندێکی ئەفسانەییان وەرگرتووە و لە خۆیانەوە نەهاتوون، چونکە زۆر دووبارە دەکرێنەوە و لە نێو بیروباوەڕی کۆنی میللەتان و شارستانیەتەکاندا گرنگی پێدراوە. هەروەک ژمارە ((١-٢-٣-٧-٩-١٢-١٣-١٤ - ٤٠)) (مولود، قەدەغە، ٩٤). بۆ نموونە ژمارە (٧) کە ژمارەیەکی ئایینی و پیرۆزە هەروەک (حەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت تەبەقەی ژێر زەوی و حەوت جار تەوافکردن بەدەوری کەعبەی پیرۆز، هەروەها خوای گەورە لە سورەتی (یوسف)دا دەفەرموێت ((وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ ۖ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ (آیـة٤٣)، واتە (شەوێک پاشا خەونێکی سەیری بینی و بوو بە مەراقی و لە کۆبوونەوەیەکدا) وتی: بەڕاستی من لە خەومدا بینیم کە حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مەنگای لەڕ و لاوازەوە خوران، حەوت گوڵەگەنمی سەوز و جوان و حەوتی وشکیشم بینی، ئەی زانا و شارەزایان ئەم خەوەم بۆ لێکبدەنەوە ئەگەر خەون لێکدەدەنەوە.))[٤]

لەم ڕۆمانەشدا نووسەر ژمارە حەوتی بە ئەفسانەی ئەفراندنەوە بەستۆتەوە کە دەڵێ ((ئێژن : زەوی و ئاسمان و زیندەوەری بە شەش ڕۆژ دروست کردووە بۆ تەماشاکردن و بەزم و گەمەی خۆی: لە ڕۆژی حەوتەمیندا، پشووی داوە!)) ل٧٧ ، لێرەدا ڕۆماننووس بە پشتبەستن بە چیرۆکی ئەفراندنی زەوی و ئاسمان لە

ئایینی مەسیحی و یەهودیدا و لە ڕوانگەی ئەوانەوە خستوویەتیە ڕوو، کە بەشێوەی دەقئاوێزان لە تەکنیکی دەرکەوتندا مەزراندوویەتی.

**سێیەم- ئەفسانەی هێماکاری (هێمایی-ڕەمزی):**

زۆربەی ئەفسانەکان تا لەسەر بنیاتێکی رەمزی دروست بوونە و پێکهاتوونە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ئەفسانەکان بەهۆی هێماکانەوە دەدوێن یاخود خوێندنەوەیەکی ڕەمزی بۆ دیاردەکە دەکەن. مرۆڤی بەرایی وەکو ڕاستییەک سەیری ڕەمزەکانی ناو ئەفسانەکانی کردووە، بەڵام کاتێ بیروهۆشی گەشەی کردووە و مەعریفەی فراوانتر بوو، بە گومانەوە سەیری کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی کردووە ، بۆیە ئەو کەسایەتیانەی بە شێوەیەکی ڕەمزی مەزراندووە و ئەمەش جۆری ئەفسانەی هێماییە (ڕەمزی)، کە لەم قۆناغەدا پەیدابووە، لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە ((پێشکەوتووترە لەو قۆناغەی کە ئەفسانەکانی پێشوو تێیدا پەیدابووە (گەردوونی و نەریت و بۆنە ئایینییەکان)، ئەم چەشنە خۆی نابەستێتەوە تەنیا بە گەردوونەوە، بەڵکو لەناو جەرگەی ژیانی ئادەمیزادەوە هەڵئەقوڵێ) ( موکری،١٩٨٤، ٤٢).

کەواتە ئەم جۆرەی ئەفسانە ئەو هێمایانە لە خۆ دەگرێ کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە و گوزارشت لە قۆناغێکی ئاڵۆزتر لە ئەفسانەکانی تر دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نزیکیەکی لەگەڵ ئەفسانەی شیکاریدا هەیە وەک لە ئەفسانەی ئەفراندن و بۆنە ئایینییەکانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ئەفسانەیە ((بەشێوەیەکی خوازەیی گوزارشت لە بیرۆکەیەکی ئاینی یان گەردوونی دەکات)) ( غراب خديجة، ٢٠١٤، ١١).

لە ئەفسانەی هێماییدا ((هێز و دەسەڵات دەگۆڕێت بۆ هێمایەکی بەرجەستەکراو سیفەتەکانی مرۆڤ لە خواوەندەکان یان پاڵەوانە خورافییەکان دادەماڵێنێ و ئاوێتە دەبێ لەگەڵ هەندێ لە توانا سنووردارەکانی مرۆڤ بەو

هێزە گەورەیەی کە توانای خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و زاڵبوون بەسەریدا)) (خورشید ، ١٩٧٨، ٢٥) هەروەها هەندێ کەسایەتی کە تایبەتمەندیی لە ڕادەبەدەریان هەیە بوونەتە هێمایەک کە لە ڕیزی خواوەندەکان یان پاڵەوانەکان تێدەپەڕێنێ.

نموونەی ئەم جۆرەی ئەفسانەیەش لە ناو زۆربەی میللەتان بوونی هەیە، بۆ نموونە لەکلتووری (ئیغریقی)دا هەروەکو ئەفسانەی بسیشیە و کیوبید و فینوس[٥].

**سیزیف:**

سیزیف پاشایەکی یۆنانی بوو، بەیەکێک لە گاڵتەجارترین کەسایەتییەکانی میتۆلۆژیای یۆنانی دادەنرێ، کە توانی خوای مەرگ (ثاناتۆس) هەڵخەڵەتێنێت. بەمەش زیۆسی گەورەی خواکانی تووڕە کرد و بەوە مەحکومی کردبوو کە بێ ناوبڕ تاوێرە بەردێکی قورس بەرەو لووتکەی شاخێک ببات کە لەبەر قورسییەکەی، دووبارە لەوێوە غلۆر دەبۆوە بۆ خوارەوە، کە ئەمەش کارێکی بێ ئەنجام و بێهوودەیە، بۆیە خواوەندەکان باوەڕیان وا بوو کە هیچ سزایەک نییە هێندەی ئەو سزایە سەخت بێ کە هەم بێهوودەیە و هەم ئومێدی هیچی لێ ناکرێ ( کامۆ ، ٢٠١٤، ١٩٥). ڕۆماننووس بۆ هەمان مەبەست ئەم ئەفسانەیەی مەزراندووە. لەکاتی کۆڕەوەکەی کوردان، کە چ هەستێکی نائومێدییان هەبوو و بەرەو کەنارێکی نادیار هەنگاویان دەنا، نووسەر وەکو ڕەمزێکی بێ ئومێدی و بێهوودەیی وەریگرتووە کە دەڵێ ((ئەگەر سیزیف ئەفسانەی نموونەی ناهومێدی بێ، وا ئێمە بووینە هەزاران سیزیفی ڕاستەقینەی سەدەی بیستەم، کۆڵمان بەشانەوەیە. نائومێدی لەپاش نائومێدی بەرپێمان دەگرێ.)). ل٤٤ ئەم ئەفسانەیە لە فۆرمی لێکچواندن و هاوشێوە بوون لە تەکنیکی گونجاندندا مەزرێنراوە.

**ڤینۆس:**

خوداوەندی عەشق و جوانی و بەپیتیە لە ئەفسانەی ڕۆمانییەکاندا، لە ئەفسانەی یۆنانیشدا بە ناوی (ئەفرۆدیت) دێت، کچی (زیوس)ە. هەندێ لە ڕۆمەکان باوەڕیان وابوو کە ڤینۆسی خواوەند لە دەریادا لەدایک بووە و لە کەرەی دەریا (زبد البحر) دروست بووە. ڕۆماننووس ئاماژەی بە هەمان ئەفسانە کردووە و زۆر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی کردووە و دەڵێ ((چۆن ڤینۆس لە کەفچڕی شەپۆڵەکانەوە هاتۆتە وجوود؟!)) ل٥٤، لێرەدا ڤینۆس وەکو ڕەمزی جوانی و قەشەنگی بەکارهاتووە. گێڕەرەوەی ناو ڕۆمانەکە باس لە گومانی کارەکتەری سەرەکی دەکات کە چۆن ڤینۆس بەو هەموو جوانییەی خۆیەوە لە کەف و کەرەی سەر دەریا دروست بووە، بە تەکنیکی دەرکەوتن و شێوەی دەقئاوێزان مەزرێنراوە، چونکە دەقی ئەو ئەفسانەیە لە زۆربەی سەرچاوەی خواوەندەکانی ڕۆمانی و یۆنانیدا ئاماژەی پێدراوە.

**پرۆمسیۆس:**

یەکێک بوو لە شەڕکەرە بەهێزەکانی تیتانییەکان، بەڵام لە شەڕی نێوان خواوەندەکانی ئۆڵەمپیک و تیتانییەکان، سەرەتا بەشداری نەکرد و دواتریش کە زانی تیتانییەکان تێکدەشکێن هاتە بەرەی خواوەندەکان، خوای خواکان (زیۆس) کردیە ڕاوێژکاری خۆی، بەڵام پرۆمسیۆس ئەو قینەی هەر لە دڵ مابوو، بۆیە مرۆڤەکانی فێری زانست و دانایی خواکان دەکرد و وای دەکرد شت فێر بن و سەر بۆ خواوەندەکان دانەنوێنن، ئەمەش (زیوس)ی تووڕە کرد، هەروەها بەمەش نەوەستا پارچەیەک لە ڕۆژی دزی و دایە مرۆڤەکان. زیوس لێی تووڕە بوو، بەهاوکاری چەند خواوەندێکی تر پرۆمسیۆسیان دەستگیرکرد و دەست و پێیان زنجیر کرد و لەسەر بەرزایی کێوەکانی قەوقازدا بە تاشە بەردێکیان بەستەوە، هەموو ڕۆژێک هەڵۆیەکی دەنارد بە درێژایی ڕۆژ جگەری

دەخوارد بەشەو بەجێی دەهێشت، بەڵام جگەر لە خۆوە پەیدا دەبۆوە، بۆ بەیانی هەڵۆ دەستی دەدایەوە کاری خۆی، دواى ئەوە هەرقەل توانی پرۆمسیۆس ڕزگار بکات (ڕەسول، ٢٠١٠، ١٨ ).

ڕۆماننووس ئەم ئەفسانەیەی مەزراندووە تا کەسایەتی ئەفسانەیی پرۆمسیۆس لەگەڵ پێغەمبەر موسادا بەراورد بکا و چۆنیەکییەکی لە نێوانیاندا دروست بکا لەوەدا کە هەردووکیان سوودیان بۆ گەلەکەیان هەبووە و ڕێگای ڕاستیان پیشان داون، کارەکتەری سەرەکیش خۆی وەکو ئەوان دادەنێ و دەڵێ (( هەندەم نەماوە خۆم بە موسا بزانم ، یان پرۆمسیۆس...ئەوا منیش ڕووەکی تیشکدەر بۆ گەلەکەم بە خەڵات و دیاری دەبەم)) ل٧٨، مەبەستی ئازادی و ڕووناکییە بۆ گەلی کورد. بەتەکنیکی گونجاندن ئەم هاوشێوەبوونەی دروست کردووە.

### کچی کافرۆش و سفنکس (ابوالهول/ Sphinx)

کچی کافرۆش لەناو کوردەواریدا بە ڕەمزی جوانی ناسراوە، چیرۆکێکی ئەفسانەیی لەسەر دروست بووە کە کچێکی کوردی زۆر جوان و دڵگیر و سەرنجڕاکێش بووە، کاتێ ئینگلیزەکان هاتوونەتە کوردستان لە ساڵی (١٩١٨ز) ئەفسەرێکی ئینگلیز حەزی لێ کردووە و لەگەڵ خۆی بردووە ، واتە ڕفاندوویانە، لە کاتێک دەڵێن لەناو فڕۆکەدا بوو خۆی فڕێ داوە بۆ ئەوەی نەبێتە دیلی دەستی چەپەڵی ئینگلیز ، ئیتر ئەم ڕووداوە بۆتە چیرۆکێکی ئەفسانەیی و دەماودەم گێڕدراوەتەوە)). ( پیرباڵ، ٢٠٠٩، ١٩٢ )

(سفنکس) بوونەوەرێکی ترسناکە لە ئەفسانەی یۆنانی و میسریەکاندا هەیە. لاشەی شێرە و سەری ژن و باڵی هەڵۆیە، شاری (تیبە) لێی دەترسێن تا ئۆدیب دێت و نهێنییەکە چارەسەر دەکات.

ڕۆماننووس ڕەمزی جوانی کچی کافرۆش و ڕەمزی ترس و کوشتنی سفنکس بەیەکەوە وەکو دوو شتی پێچەوانەی یەکتر دێنێتەوە، گێڕەرەوە باس لە کێشانی وێنەی بۆراقێک دەکا لەسەر دەرگای سندووقە دارینەکانی جاران کە دەڵێ (( جارێک وێنەی بۆراقێکت کێشا و جووتە باڵەکەیت لە پەڕی تاووس ڕەنگاند، نەرمە زینێکی ڕەنگاوڕەنگ بەپشتییەوە. تۆ بۆ ئەو میعراجە ( کچی کافرۆش )ت دانابوو لە جیاتی کەسێکی دی... لەژێری نووسیت: ئەمەیە (sphinx) سفنکسی کوردەواریمان )) ل٧٣ لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە، گێڕەرەوە باس لە کەسایەتی سەرەکی دەکات، کە جارێکیان وێنەیەکی لەسەر دەرگای سندووقە دارینەکەیان کێشاوە و دەیویست وێنەی کچی کافرۆش دەرچێ، بەڵام کاتێ وێنەکە تەواو دەبێ، بۆراقێک و جووتێ باڵی کێشاوە، و وێنەی سفنکس دەرچووە کە داویەتیە پاڵ نەتەوەی کورد. رۆماننووس هەردوو ڕەمزی تەنیا بە شێوەی ناوهێنان مەزراندووە کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. تەکنیکی دەرکەوتندا بەڕاشکاوانە ناوی هەردوو ئەفسانەی هێناوە و مەزراندوویەتی.

**ئینانا و میدۆزا:**

ئینانا: خواوەندێکی میزۆپۆتامیایە کە بەخواوەندی خۆشەویستی و جوانی و سێکس و ئارەزوو و بەپیت و فەڕی و جەنگ و دادپەروەری و دەسەڵات بەستراوەتەوە. سەرەتا لەلایەن سۆمەریەکانەوە دەپەرسترا ، دواتریش لەلایەن ئەکەدی و بابلی و ئاشووریەکان بەناوی (عەشتار) پەرستراوە.

**میدۆزا:** ئەفسانەیەکی گریکییە دەڵێ ( کچێکی زۆر جوان و قەشەنگ هەبووە. ناوی میدۆسا بووە، هەموو کات بە جوانیی خۆی نازیوە و گوتوویەتی: من لە (ئەثینا)ی خواوەندی هونەر و حیکمەت و زانیاریی گریکی جوانترم، بۆیە ئەم خواوەندە کردوویەتیە گیانلەبەرێکی زۆر ناشیرین و ڕقی لێ بۆتەوە، بەشێوەیەک ناشیرینی کردووە کە قژو کەزییەکانی کردۆتە مار و روخسارێکی

ناشیرینی پێداوە، هەر کەسێک سەیری (میدۆسا)ی کردبێ یەکسەر بۆتە بەرد) (یونس، ١٩٨٣ ، ١٩٩) .

نووسەر زۆر بە وردی و تێروتەسەلی ئاماژە بەو ئەفسانە سۆمەرییە دەکات و گێڕەرەوە وەسفی هەستی کارەکتەری سەرەکی دەکا دوای دیمەنی سامناکی کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵ کردنی کوردان (کە وریا بۆی گێڕایەوە)، دەڵێ ئەم ئەفسانەیە بە موڵکی خۆت دەزانی بەشداریت لەو گەشتە کردووە لەگەڵ خواوەند (ئینانا) بۆ عالەمی ژێر زەمین لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤ لە مردن و تاریکی. کەوا لەوێش شاژنی ژێر زەمین (خوشکی ئینانا)یە خۆی بۆ پێشوازیەکی سامناک ئامادە کردووە نووسەر بۆ چنینی ئەم دیمەنە (ڕووداوە) سوود لە هەردوو ئەفسانەی (ئینانا) سۆمەری و (میدۆزا)ی گریکی وەرگرتووە ((میدۆزا ئاسا خۆی بۆ پێشوازییەکی سامناک تەیار کردووە، تۆ ئەم ئەفسانە سۆمەرییە بە موڵکی خۆت دەزانی، بۆیە لەگەڵ ئینانادا، پێکەوە دادەبەزی بۆ ناخی ژێر زەوی)) ل ٨٠، ڕۆماننووس لێکچوواندن و هاوشێوەبوونێکی دروست کردووە و بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی، لەنێوان ئەو ئێش و ئازارەی کە لەگەڵ خواوەند (ئینانا)دا لە عالەمی ژێرەوە بە دەستی خوشکەکەی چەشتوویانە، لەگەڵ ئەو دیمەنە سامناکەی کە کارەکتەری لاوەکی (وریا) باسی زیندە بەچاڵکردنی کوردانی کردووە بە دەستی رژێمی بەعسی. لە هەمان کاتدا (ئیریشکیگال)ی وەکو ڕەمزی دڕندە و خوێن مژ هێناوەتەوە کە سەرکردە دکتاتۆرەکانی بەو چواندووە کە دەڵێ ((نەک لەژێر زەمین، ئەوەتا لە سەدەی بیستەم و لەسەر گۆی ئەو زەوییەدا، ئیریشکیگال بەرگی دەیان هۆلاکۆ و نیرۆن و مۆسۆلینی و پاتێستا و گوبلز و مۆباسا و هیتلەر و سەددامی پۆشیوە!! ئەوانە هەرگیز ناگەنە پلەوپایەی سەددامی لەمەڕ خۆمان بۆیە هیچ ناو و ناتۆرەیەکی وەکو خوێن مژ و فاشیست و نازی و دڕندەی لێ نانێم، با ناوەکەی خۆی بێ و بەس)) ل ٨٠.

**چوارەم- ئەفسانەی مێژوویی:**

لە پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و مێژوودا* جۆری ئەفسانەی مێژوویی بەرهەم دێت، لەم جۆرەدا ( مێژوو و خورافە تێکەڵ کراوە (بەیەکەوە دێت)، لەشێوەی حیکایەتێکە کە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و لە کۆمەڵێک توخمی مێژوویی و کۆمەڵێک شتی نائاسایی و سەیرو سەمەرە و لە ڕادەبەدەر پێکدێت) ( زکی، ١٩٧٩، ١٢).

هەروەک دەزانین مێژوو لەگەڵ دەرکەوتنی نووسین دەست پێدەکات، بەڵام ئەفسانەکان بۆ پێش ئەو کاتە دەگەڕێنەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەفسانەکان شێوازێکی گێڕانەوەییان هەبووە و پڕن لە توخمەکانی (پاڵەوان، ڕووداو، شوێن،.....) هەروەها ناوەڕۆک و مەبەستی سەرەکی بابەتەکە خاڵی گرنگی ئەفسانەکە بوو.

ئەوانەی باسکران لەناو ئەفسانەکاندا ڕەهەندێکی مێژووییان تۆمارکردووە لە نێو نەوەکاندا دەماودەم گێڕدراونەتەوە وەکو مێژوویێکی تۆمار نەکراوی لێ هاتووە. یان بەواتایەکی تر بۆ نموونە هەندێ کەسایەتی یان ڕووداوی مێژوویی هەیە، بەهۆی کردەوە لە ڕادەبەدەرەکانیان لە ئاستی واقع بەرز بۆتەوە و بۆ ئاستێکی ئەفسانەیی، نموونەی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەم جۆرەی ئەفسانە وەک: ((داستانی گلگامش) لای بابلییەکان (سۆمەرییەکان) و (شەڕی تەروادە) لای یۆنانییەکان هەروەها ئەفسانەی (تۆفان) و کۆمەڵ کوژی بە ئاگری ئاسمانی یان (الاعاصیر)) (الجواري، ١٩٩٨، ٢٤). ئەفسانەکانی ئەم نموونانەی سەرەوە لەسەر بنەمایەکی مێژوویی ڕاستەقینە و تێکەڵ بە ڕەگەزەکانی خورافە دامەزراون.

ڕۆماننووس ناوی کەسایەتی ئەفسانەیی مەغۆلەکان (هۆلاکۆ)ی تەنیا بە ئاماژە هێناوە. هۆلاکۆ: سەرکردەیەکی مەنغۆلیا (مەغۆلی) بوو کە توانی زۆربەی وڵاتانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا داگیر بکات. مەغۆلەکان بە خوێن ڕێژ و

دڵڕەق و دڕندە دادەنرێن. ڕۆماننووس باس لەو ئازار و ناڕەحەتیانە دەکات کە لە ڕێگای کۆڕەوەکەدا تووشی هاتوون. لەسەر زاری گێڕەرەوە باسی کارەکتەری سەرەکی دەکات دەڵێ ((پاش شەش حەوت شەو و ڕۆژ، بەو ڕێگە دوورو درێژەدا، لە ئاشیانەی خۆت هەڵکەندرای و کەوتیتە ژێر سمی ئەسپە کێوییەکانی هۆلاکۆ و تازە مەغۆلەکانەوە، شارەکانیان کردە ئەسینا و بابل و سادوم و عامورا)) ل٧٧. مرۆڤ لە شوێنی خۆی سەنگینە، ئەگینا دەکەوێتە بەر زەبرو زەنگی زاڵمان، بەشێوەی لێکچوون و هاوشێوەبوون بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی، ئەم لێکچوونەش لە نێوان هۆلاکۆ و سەرکردەکانی حزبی بەعس بووە ، لەڕووی دڕندایەتی و زوڵم و ستەمکردن و وێرانکردنی شارەکان.

ئەسکەندەری شاخدار یان ئەسکەندەری مەقدۆنی لەم ڕۆمانەدا وەکو کەسایەتیەکی مێژوویی ئەفسانەیی ناوی هاتووە و باس لە نهێنیی شاخەکانی دەکات. کەوا لە ئەفسانەیەکی کوردی وای دەگێڕنەوە (ئەسکەندەر لەبەر ئەوەی شاخی هەبووە ، هەر کەسێک ببوایە سەرتاشی و باسی شاخەکانی بۆ خەڵک بکردایە، ئەسکەندەر دەیکوشت، دەڵێ : سەرتاشێک ماوەیەکی زۆر سەرتاشی ئەسکەندەر بوو و باسی ئەو نهێنییەی نەکردووە، بەڵام تا دەهات ڕەنگ زەرد و لاواز دەبوو، ڕۆژێک چووە لای حەکیمێک باسی حاڵی لاوازیی خۆی کرد، ئەویش گوتی تۆ نهێنییەکت لە دڵدایە و پێویستە بیدرکێنی، سەرتاشیش گوتی ناتوانم لای هیچ کەس باسی بکەم، چونکە تیای دەچم. حەکیمیش گوتی بڕۆ لە دەشت لەناو چاڵێک بە دەنگی بەرز نهێنییەکەت بدرکێنە، ئەویش بەم شێوەیە ئەنجامیدا. پاش ماوەیەک باران باری و لەناو چاڵەکە قامیش سەوز بوو، شوانان لەو قامیشە (نای)یان دروست دەکرد و کاتێ فوویان تێدەکرد، نای دەیگوت: (ئەسکەندەر دوو شاخی هەیە، ئەسکەندەر

دوو شاخی هەیە). (حەسەن ا،٢٠٢٠، ٢١٩-٢٢٠). لە ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)یشدا بەم شێوەیە هاتووە (( بوویتە بە سەرتاشەکەی ئەسکەندەری شاخدار، کە چۆن رازی پەنگاوەی دەروونی، بە گوێی قامیش و زەل و نەیستاندا چرپاند. تۆش لێرەدا، ڕازی نهێنییەکەت ڕەها کرد... بۆ گوێچکەی شەو و تاریکی و تەنیایی...)) ل٨، نووسەر ، لەم ئەفسانەیەدا درکاندنی نهێنی شاخی ئەسکەندەر لەلایەن سەرتاشەکەی و درکاندنی نهێنی کارەکتەری سەرەکی بەگوێی شەو و تاریکی و تەنهاییدا، لێکچوون و هاوشێوەبوونێکی دروستکردووە و بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی.

**پێنجەم- ئەفسانەی گیانەوەران:**

ئەم جۆرەی ئەفسانە هەروەک لە ناوەکەی ئاماژەی پێدەکا ، ئەو زیندەوەرانەن کە پەیوەستن بە ئەفسانەکانەوە، کە لە ئەفسانەکانی هەندێ میللەت و کلتووری جیاوازدا دەردەکەون. ئەم گیانلەبەرانە خاوەنی هێز و چەند تایبەتمەندی و سیفەتێکن کە لە ئاژەڵانی تر جیایان دەکاتەوە.

گیانلەبەران لە ئەفسانەکاندا ڕۆڵی خۆیان هەیە و گەلێ جار وەکو یارمەتیدەری خواوەند و مرۆڤەکان دەردەکەون، واتە ((لە زۆربەی ئەفسانان گیانلەبەر یان ئەوەتا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و ئەفسانەکە لەسەر ڕۆڵی ئەو بەرامبەر بە مرۆڤ و کەسایەتییەکانی تری نێو ئەفسانە دامەزراوە، یان هەر سەرلەبەر گیانلەبەران ئەفسانەکە بەڕێوەدەبەن. لەم جۆرە ئەفسانانەشدا گیانلەبەران زۆر ڕەوشتی چاک و خراپی مرۆڤ لە کار و کردەوەکانیاندا پەیڕەو دەکەن و شێوەی سروشتیی خۆشیان دەپارێزن)) (حەسەن پ ،٢٠٢٠، ٥٢).

**قەقنەس**

سەڕاج لەو ڕۆمانەدا ناوی چەند گیاندارێکی هێناوە و بۆ مەبەستی جیاجیا مەزراندوویەتی، بۆ نموونە لە دوو شوێن ناوی قەقنەس و عەنقا ی هێناوە ، کە

هەردووکیان هەمان باڵندەن، قەقنەس باڵندەیەکی خەیاڵییە لە داستانە کۆنەکانی عەرەب و فارس و گریکی و ڕۆمانی و میسری ... بەکاریان هێناوە، وەکو بێچووە باڵندەیەکی پیرۆز بەکاریان هێناوە، داستانێکی یۆنانیی کۆنە، باڵندەکە خۆی و هێلانەکەی دەسووتێنێ و دەبێت بە خۆڵەمێش، دووبارە لەو خۆڵەمێشەوە دروست دەبێتەوە.

سەڕاج ئەو باڵندەیەی بە نەمانی یەکسانی و کامەرانی و ئاسوودەیی چواندووە،کە دەڵێ ((... بڕوات بە یەکسانی و کامەرانی و ئاسوودەیی باڵا نەمابوو، ئەو سێیەت بە تەیری عەنقا، قەقنەس و سەمەندەر دەزانی.)) ل ٩٤. واتە لە ڕێگەی تەکنیکی دەرکەوتنەوە لە شێوەی لێکچوون و هاوشێوەبووندا مەزراندوویەتی.

**مار**

ڕۆماننووس بە پەیڤەکانی (مار، شامار، ماری ئاشقەوماشقە) ئاماژەی بەم خشۆکە کردووە، مار لە ئەفسانەکاندا (یەکێکە لەو زیندەوەرانەی کە بە هەموو شێوەیەک بە چاکە و خراپەوە ، پاڵەوانیەتی ئەفسانە دەکات) (حەسەن ا،٢٠٢٠، ٣٦٤). نووسەر لە شوێنێکدا باسی نەدرکاندنی نهێنی دەکات لەلایەن کارەکتەری سەرەکییەوە و بە ئەفسانەی شامارانی دەبەستێتەوە و دەڵێ ((ئەو ڕازە پیرۆزە، ئەو نهێنییە متفەڕکە،.... بەسانایی بۆ گوزارشت ناکرێ، چونکە دڵنیای لەگەڵ ئاشکراکردنی ، دەستبەجێ بینابیت کوێر دەبێ... ئەوە قسەی شامارەکەیە.)) ل ٦، لێرەدا شامارەکە وەکو دۆستێکی مرۆڤ دەرکەوتووە، ڕۆماننووس بە بنیادێکی هونەری بە تەکنیکی دەرکەوتن مەزراندوویەتی.

کەچی لە شوێنێکی تردا مار وەکو دوژمنی یەکەمی مرۆڤ و ئەنجامی کوشتنی یەکێک لە مارەکانی ئاشقەو ماشقە، وا هاتووە ((... دوژمنی کۆنینەمانە!! دایکە حەوای لە خشتە بردووە و ... ئێمەمانان، من و تۆی کلۆڵی لە

بەهەشتی دڵارا بێبەری کردووە!!)) ل ٧١، سەڕاج بە شێوەیەکی هونەری ئاماژە بەو ئەفسانەیە دەکات و بە تەکنیکی دەرکەوتن مەزراندوویەتی.

هەندێ لە باڵندە و گیانەوەر هەن کە وێنە و ڕەهەندێکی ئەفسانەییان وەرگرتووە، بۆ نموونە پەپولەسلێمانە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو باڵندەیەی لەلایەن پێغەمبەر سلێمانەوە ئەرکێکی پێ سپێردرابوو. ئەو باڵندەیە (پەپو سلێمانە) لەناو میللەتاندا چەمکێکی پیرۆزی وەرگرتووە و ڕابەرایەتی بۆ حەزرەتی سلێمان کردووە، لەبەرئەوەی خوای گەورە بەهرەی تێگەیشتنی لە زمانی ئاژەڵان پێ بەخشیوە، بۆیە پەپولەسلێمانە هەواڵی ڕاست و تەواوی لەبارەی (مەملەکەتی سەبەئی) بۆ حەزرەتی سلێمان بردووە. لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لێکچوواندنێکی دروستکردووە لە نێوان کارەکتەری لاوەکی (وریا) و هەموو ئەو ئێش و ئازارانەی بە دەستی دەسەڵاتدارانی بەعسیەکانەوەی چەشتووە لەگەڵ ئەسپەکانی (ژێرنیکا و جەواد سەلیم و شەودێز) کە ئەوانیش لەبەر ئازارەکانیان دەیانویست بفڕن و ببنە باڵندە، ڕۆماننووس دەڵێ : ((...تۆ لە ئاستیاندا، ئەسپێکی سەرکێش و ڕەسەنیت، لەو دەمانەدا بیر لە ئەسپەکانی ((ژێرنیکا)) و ((جەواد سەلیم، و شەودێز)) دەکەیتەوە، کەوا لەناو ژانەکانیان، زامەکانیان دەیانویست و دەیانەوێ باڵ بگرن و ببنە پەپو سلێمانکە)) ل٧٣، ئەمەش بەتەکنیکی دەرکەوتن بەشێوەی بنیادی هونەری مەزرێنراوە کەوا بە ناڕاستەوخۆ سوودی لە هێزی فڕینی پەپو سلێمانە وەرگرتووە.

**شەشەم- ئەفسانەی چاکە و خراپە:**

ئەم ئەفسانەیە لە دوو بەشی دژ بەیەک پێکدێت و لە چاکە و خراپەی مرۆڤەکان دەکوڵێتەوە. ئەم جۆرەی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەتووتری بیرکردنەوەی میللەتان، بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای مێژووی جۆرەکانی تری ئەفسانە، چونکە ئەفسانەی چاکە و خراپە دەگەڕێتەوە بۆ

قۆناغی باوەڕبوون بە ئاینە ئاسمانییەکان. بۆیە هەروەکو پێشتر بەدوای هۆکاری ڕوودانی دیاردە سروشتییەکان نەدەگەڕا و شیکردنەوەی جۆراوجۆری نالۆژیکی بۆ نەدەکرد، بەڵکو ئەم دیاردە سروشتییانەی بۆ هێزی خودا و باوەڕ بوون بە ئایینە ئاسمانییەکانەوە دەگەڕاندەوە.

لە ئەفسانەی چاکەدا ((مرۆڤە چاکەکان کەسایەتی واقیعی ناو میللەتن و بەکردەوە باشەکانی کە سیمای باشە و قارەمانیەتیە لە کەسانی تر جیا دەکرێنەوە، ئەرکی ئەفسانەش لەو حاڵەتەدا ئەوەیە کە چاکە بەرجەستە بکات، بۆئەوەی ببێتە نموونەیەک و چاوی لێبکرێ)) (ابراهیم، ١٩٧٤، ٤٩-٥٠)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانین و متمانەی هەر میللەتێک بۆ ئەو جۆرە کەسایەتیانە کە وەکو نموونەیەکی چاکە و خێرکەر دەربکەون و لە کار و کردەوەکانیاندا ڕەنگبداتەوە، هەموو کات کەسێکی یارمەتیدەرە و خۆشەویستی دەبەخشێ.

ئەفسانەی خراپە، بەپێچەوانەی ئەفسانەی چاکەیە، لەم جۆرەدا باسی مرۆڤی خراپەکار دەکرێت، کەوا ئالنگاری (تحدی) گەردوون (دنیا، جیهان) دەکات لە پێناو تێرکردنی حەز و ئارەزووە مادییە تایبەتەکانی خۆی، بە شێوەیەکی خراپ و ناشیرین وێنای مرۆڤ دەکات و (بیرۆکەی خراپە لە کەسێکی دیاریکراو بەرجەستە دەکات، تەنیا خراپە ئەنجامدەدات دوور لە یاسا ئاسمانییەکان ئەمەش دەبێتە هۆی لەعنەت لێکردن لێی. ئەو جۆرە مرۆڤە لەسەر هەوا و هەوەستی شەیتان دەبێ (دێت و دەچێ/ یسیر) لەو کاتەدا دوو شت بەسەریدا زاڵ دەبێ، یەکەمیان گومانە، گومان لە ئایین و توانای دروستکەر (خواکەی) دەکات، دووەمیان (طموح)ە کە بە دوای هۆکاری هەموو شتێدا دەگەڕێ هەتا ئەو شتانەش کە ناتوانرێ شیکردنەوەی بۆ بکرێ.) (ابراهیم،١٩٧٤، ٥٣).

کەسایەتییەکانی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە کۆتاییدا تووشی لەدەستدانی هەموو شتێک دەبن لە ژیانیاندا، چونکە مرۆڤی خراپەکار و خۆبەزلزان نەفرەتی ئاسمانی لێکراوە و ئارامی و دڵنیایی و سەقامگیریی دەروونی لێ سەندراوەتەوە.

**خدری زیندە :** لەلای زۆرێک لە ئایینە ئاسمانییەکان بە کەسێکی پیرۆز دادەنرێ و هەندێک بە پێغەمبەر و هەندێک بە پیاوچاک و فریادڕەسی هەژاران و لێقەوماوانی دادەنێن، کە ڕوخسارێکی نوورانی هەیە و لە شێوەی پیاوێکی ڕیش سپی دەردەکەوێ. هەندێ ڕا هەیە کە دەڵێن ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە و نەمرە، بۆیە لە هەموو کات و ساتێک و لە هەر شوێنێکدا بێ بە ئەمری خوای گەورە بە هانای کەسانی ژێردەستە و لێقەوماو دەچێ.

لە ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)دا، کاتێ کارەکتەری سەرەکی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو مێروولانە دەکات کە لە ڕێگای کۆڕەوەکەدا گەنمی ئەوانی خواردووە و دەڵێ نەماندزیوە، بەڵکو بە قەردوقوڵ لەسەرمانی بنووسن. دەیەوێ برسیەتی میللەتی کورد لە کۆڕەوەکەدا پیشان بدا، دواتریش مێرووولەکان بە خدری زیندە دەسپێرێ، لەبەر ئەوەی خدری زیندە پاسەوانی بێ دەسەڵاتەکانە و ڕەمزی پیاوچاکی و فریادڕەسی لێقەوماوانە، دەڵێ (( ... دەی بە (خدری زیندە)ت دەسپێرم. دوور بیت لە هەزاران پاژنەی کەمتەرخەم و.... سمی هەزاران بەرانە کێوی. ئەوانە بەڵای ناگەهانن و پەرێشانت دەکەن.)) ل ٧٦، لێرەدا دەکرێ مەبەستی ڕۆماننووس میللەتی کورد بێ و بە خدری زیندەیان بسپێرێ، لەبەر ئەو بارە ناهەموارەی تووشی بوون لەکاتی کۆڕەوەکەدا، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە تەنیا ناوی خدری زیندەی هێناوە و بە تەکنیکی دەرکەوتن مەزراندوویەتی.

**یەهودا/ یەهوزا:** یەکێکە لە شاگردەکانی پێغەمبەر عیسا (س. خ). لە کتێبی پەیمانی نوێ و لە قورئاندا ئاماژە بە خیانەتی یەهودا بەرامبەر بە مەسیح کراوە. کەوا بەرامبەر چەند پارچە زیوێک شوێنی مەسیحی بە جوولەکەکان گوتووە و خیانەتی لێ کردووە و ڕادەستی ئەوانی کردووە. ئەم خیانەتەش بە یەکێک لە بەناوبانگترین خیانەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ. بە هەمان شێوە نووسەر لەم ڕۆمانەدا یەهوزای وەکو کەسێکی خراپ پیشان داوە و باسی ئەو ماچە دەکات کە یەهوزا بە جوولەکەکانی گوتبوو کاتێ گەیشتینە ئەو شوێنە ئەو کەسەی ماچم کرد ئەوە مەسیح (عیسای ناسریە)، بۆیە عیسا (س. خ) وتە بەناوبانگەکەی پێ گوت ( ئەی یەهودا ئایا بە ماچێک مرۆڤ ڕادەست دەکەی؟) ، لێرەدا یەهودا وەکو کەسێکی خراپی ئەفسانەیی دەردەکەوێت. (سەڕاج) دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو کە کاری خراپە و دزین و ئازار و ئەشکەنجەدانی میللەتی کورد وەکو نموونەیەکی نەشاز بێنێتەوە، بۆیە کەسە خراپەکانی بە یەهودا چواندووە کاتێ دەڵێ ((... یەهوزا مەسیحی ماچ کرد و... ماچکردن بووە هێمای بەدکاری و مەرگهێن!!)) ل٤٠، بەمەش لێکچوون و هاوشێوەبوونی لەنێوان دوژمنانی گەلی کورد و یەهوزا دروست کردووە و بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی.

**ئەنجام**

١. مەزراندن وەکو تەکنیکێکی ئەدەبی و هونەری ، دەنگی ئێستا و ڕابوردوو بە یەک دەگەیەنێ و نووسەران بۆ گەیاندنی پەیامی جیاواز بەکاری دێنن.

٢. لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەودا کە بابەتە سەرەکیەکەی کۆڕەوی کوردانی ساڵی ( ١٩٩١ )ە، زۆرترین جۆری ئەفسانەی بیانی و کوردی تێدا مەزرێنراوە، وەک: ئەفراندن، نەریت و بۆنە ئایینییەکان، ڕەمزی، مێژوویی، گیانلەبەران، چاکە و خراپە.

٣. زۆرترین جۆری ئەفسانەی مەزرێندراو لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەودا بریتییە لە ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئایینییەکان و ئەفسانەی ڕەمزی.

٤. ڕۆماننووس لە مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانەدا پشتی بە چەند تەکنیکەکانی مەزراندن بەستووە، ئەوانیش (دەرکەوتن، گونجاندن، برووسکەیی)ن، لە نێو ئەو تەکنیکانەشدا (دەرکەوتن) لە دوو جۆرەکەی تر زیاتر بەکارهاتووە.

## پەراوێزەکان

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم یاسایانەی بڕوناڵەوە بڕوانە (جبابلية،٢٠١٧، ٢٠٥-٢٠٨، عوادي، ٢٠١١، ٣٢-٣٧، بن بوط، ٢٠١٣، ٢٤-٢٦).

[2] زارا: سەبارەت بەو ناوانەی کە ئەم ئاینەی پێ ناسێنراوە، ناوە ڕاستەقینەکەی لە ئاڤێستادا (زارا شوەشترا)یە، بڕوانە: شەنوکەوێک دەربارەی ناوی پێغەمبەر زەردەشت . Astana. org.

[3] وەرگێڕانی ئەم ئایەتە لە تەفسیری ئاسان، نووسینی بورهان محمد امین وەرگیراوە.

[4] وەرگێڕانی ئەم ئایەتە لە تەفسیری ئاسان، نووسینی بورهان محمد امین وەرگیراوە.

[5] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نبيلة ابراهيم، ص١٩-٢٠.

## سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز

**کوردی:**

٢. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٩)، *کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە*، چ٣، چاپخانەی شڤان، هەولێر.

٣. حیتۆ ، عارف (١٩٩٧)، *نەژاد و پەیدابوونا ئەفسانێ*، گ. پەیڤ ژ (٥) .

٤. حەسەن أ، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، *پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی* ، چ١، چاپخانەی تاران،ماڵی سوهرەوەردی.

٥. حەسەن ب، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، *قەدەغە شکێن دارەڕێی ئەفسانەی کوردی*، چ١، چاپخانەی تاران، ماڵی سوهرەوەردی.

٦. حەسەن پ ، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، *گەڕان بەدوای نەمریدا*، چ١، چاپخانەی تاران، ماڵی سوهرەوەردی.

٧. خۆشناو، فەرهاد (٢٠١٣)، *ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەویەکان*، هەولێر ، چاپخانەی حاجی هاشم.

٨. ڕەسول، عزەددین مستەفا (٢٠١٠)، *لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*، چ ٣، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٩. ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧)، *ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار - بەشی یەکەم*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٠. سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٣)، *ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەو* ، هەولێر ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
١١. شفا، شجاع الدین (٢٠٠٥)، *ئەفسانەی خواکان- زیوس-* ، وەرگێڕانی بۆ کوردی: عومەر ڕەسول خدر، چ١، سلێمانی ، چاپخانەی قانع.
١٢. کامبڵ، جۆزیف (٢٠٢٠)، *پاڵەوانی هەزار ڕوو*، و: سەلاح حەسەن پاڵەوان، چ١، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
١٣. کامۆ، ئەلبێرت (٢٠١٤)، *ئەفسانەی سیزیف*، و. ئازاد بەرزنجی، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران.
١٤. محمد امین ، بورهان (؟). *تەفسیری ئاسان*.
١٥. موکری، کامەران (١٩٨٤)، *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*، چ١، هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

**عەرەبی:**

١. ابراهيم، نبيلة (١٩٧٤)، *أشكال التعبير في الادب الشعبي*، مصر (القاهرة)، دار النهضة، مطبعة دار العالم العربي.
٢. ابن منظور، ب. ت، (؟). *لسان العرب* ، مصر، دار المعارف.
٣. ايلياد، ميرسيا (١٩٩٥)، *ملامح من الاسطورة*، ت: حسيب كاسوحة، سورية، دمشق، منشورات وزارة الثقافة.
٤. بن بوط، فاطمة زهراء (٢٠١٣)، *تجليات الاسطورة في رواية (رامة و التنين) ل ادوارد الخراط*، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي، الجزائر.
٥. بن منصور ، رجاء (٢٠١٥) ، *الاسطورة في الرواية الجزائرية*، اطروحة دكتورا، كلية اللغات، قسم اللغة العربية. جامعة الحاج الخضر- باتنة، الجزائر.
٦. بوخنوف، شهيرة (٢٠١٢)، *أساطير و طقوس الاستقاء و استقبال الربيع في منطقة خرائط (بجاية)- مقارنة انثولوجية*، ماجستير، جامعة مولود معمري- تيزى وزو- كلية الاداب و اللغات، الجزائر.

٧. جابيلة، لويزة (٢٠١٧)، *الرؤيا الاسطورية في الشعر عبدالعزيز المقالح* ، دكتورا، كلية اللغة والادب العربي و الفنون، جامعة باتنه، جزائر.
٨. الجوراني، وداد جاسم (١٩٩٨)، *الرحلة الى الفردوس و الجحيم في اساطير العراق القديم*، بغداد ، المكتبة الوطنية.
٩. خديجة ، غراب (٢٠١٤)، *تجليات الاسطورة في الرواية الحوات و القصر ل : الطاهر وطار*، الماجستير، جامعة العربي بن مهيدي- ام البواقي- كلية الاداب و اللغات- قسم اللغة و الادب العربي.
١٠. خورشيد ، فاروق (١٩٧٨)، *اديب الاسطورة عند الغرب، جذور التفكير و اصالة الابداع*، الكويت، عالم المعرفة، سلسلة كتب شعرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب، ع ٢٨٤.
١١. راثفين، ك. ك. (١٩٨١)، *الاسطورة*، ت: جعفر الخليلي، ط١، بيروت ، منشورات عويدات.
١٢. رحاحلة، احمد زهير عبدالكريم (٢٠٠٧)، *توظيف الموروث الجاهلي في الشعر العربي المعاصر*، ماجستير، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية.
١٣. زايد، على عشري (١٩٩٧)، *استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر، القاهرة*، دار الفكر العربي.
١٤. زكي ، احمد كمال (١٩٧٩)، *الاساطير*، ط٢، بيروت، دار العودة.
١٥. السواح، فراس (١٩٨٨)، *مغامرة عقل الاولى*، دمشق، دار الحكمة.
١٦. عبد التواب، أيمن (٢٠١٩)، *الاسطورة الاغريقية من النشأة الى التفسير*، القاهرة.
١٧. عجينة ، محمد (١٩٩٤)، *موسوعة أساطير العرب عن الجاهلية و دلالاتها*، ط١، بيروت- لبنان- دار الفارابي.
١٨. علي، عبدالرضا ١٩٧٨)، *الاسطورة في شعر السياب*، الجمهورية العراقية، منشورات وزارة الثقافة والفنون، سلسلة دراسات.
١٩. عوادي، ياسمينة (٢٠١١)، *تجليات الاسطورة في" رواية فاجعة الليلة السابعة بعد الالف – رمل الماية ج١ لواسيني الاعرج*، درجة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة قاصدى مرباح ورقلة، جزائر.

٢٠. المفرح، حصه بنت زيد سعد (١٤٢٦)، *توظيف التراث الادبي في القصة القصيرة في الجزيرة العربية*، ماجستير ، كلية الاداب ، جامعة الملك سعود.
٢١. يونس، عبدالحميد (١٩٨٣)، *معجم الفولكلور*، بيروت.
فەرەنسی:
1 . Brunel, p. (1992). *Mythocritique,* prsses Universitaires de France.
لینکی ئەلیکترۆنی: https://www.albawabhnew.com
شەنوکەوێک دەربارەی ناوی پێغەمبەر زەردەشت .Astana. org

## الملخص

## توظيف الأسطورة في الرواية الكوردية
## كوجرەو كوجرەو ل عبدالله سراج نموذجا

هذه الدراسة هي محاولة لبيان أنواع الأساطير من وجهات نظر مختلفة. أي بمعنى أن البحث يعرض التصنيفات المختلفة لأنواع الأساطير. وفيها يتم التأكيد على التوظيف والتقنيات، وذلك لإظهار كيفية توظيف الأساطير في الرواية ، أي نوع التقنية التي تكرس فيها كل أسطورة. أن الغرض من البحث هو مناقشة كيفية توظيف الأسطورة في الرواية. تكمن أهمية البحث في إظهار كيفية استخدام أنواع الأساطير في نص الرواية لتحقيق أغراض مختلفة. وهذا يعني أن البحث يركز على انعكاس الاسطورة بأنواعها وتقنيات توظيفها في الرواية. ويستند البحث إلى جزئين ، فالجزء الأول مدخل نظري لعرض مصطلح ومفهوم التوظيف والأسطورة، ثم يسلط الضوء على تقنيات التوظيف. والجزء الثاني يتناول أنواع الأساطير وتوظيفهم في رواية كوجرەو كوجرەو ل عبد الله السراج. وفي النهاية تعرض النتائج وقائمة المصادر.


الكلمات الدالة: توظيف، تقنيات التوظيف، الاسطورة، انواع الاسطورة، كوجرەو كوجرەو.

## Abstract

### The Use of Myth in Kurdish Novel, Abdullah Saraj's Kochraw Kochraw as an example

This study is entitled "The Use of Myth in Kurdish Novel, Abdullah Saraj's Kochraw Kochraw as an example". The study is an attempt to present the types of myth from different perspectives, that is, it highlights the classifications for the types of myths. In this study, the Use of myth and its techniques are emphasized in order to present how the myths have been used in the novel. That is, the study is concerned with various techniques of the Use of myth in the mentioned novel. The significance of the study lies in the way myth is reflected in Kochraw Kochraw' novel. The study is divided into two parts. The focus of the first part is on introduction, the concept and term of Use, the definition of myth and then Use techniques. The second part embraces the types of myth and the Use of myth types in Abdullah Saraj's Kochraw Kochraw. Finally, the conclusion, references and Arabic and English abstracts of the study are presented.

Use, Techniques of Use, Myth, Types of myth, Kochraw Kochraw